https://www.doi.org/10.31918/twejer.2031.7

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# کاریگەریی دیالێکتیکیی سوننەت و مۆدێرنیتە لەسەر بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان

پ. ی. د. صالح عمر عیسى

زانکۆی سەلاحەدین- زانستە سیاسییەکان

salihomarissa7@gmail.com

**پوختە:**

سـەنتێزی دیـالێکتیکیی سـوننەت و مـۆدێرنیتە حـاڵەتێکی ئـانۆمی و پۆپۆلیستی لەناو پانتایی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروست کردووە. بۆیە گەندەڵیی ئیداری لەناو دامودەزگا فەرمیە ئیداریە حکومیەکان زیاتر بـووە. لەبەرئەوە تێڕوانینـی ئـانتی حکومەت لە لایەن هاوڵاتییـان دروسـت بووە. ئێستا باشترین سیاسـەت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردسـتان ئەوەیە کە لە تێڕوانینـی ئـانتی حکومەتی هاوڵاتییـان و پڕۆگرامەکـانی سـەنتێزێک دروست بکات کە ئاشتەوایی و خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتییان دابینبکرێت، ئەمەش پێویسـتی بە ئەنـدازیارییەکی دروسـتی تێکەڵکردنـی نۆڕمەکـانی مۆدێرنیتە و دابونەریتە سوننەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان هەیە، تاکو نۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان سەر لە نوێ بە شێوەیەک دروست بکرێنەوە کە کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر گەشەکردنی هەرێمی کوردستان هەبێت.

وشـە کلیلییەکـان: دیالێکتیـک، سـەنتێز، مـۆدێرنیتە، سـوننەت، هەرێمـی کوردستان

## کاریگەریی دیالێکتیکیی سوننەت و مۆدێرنیتە لەسەر بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان

### پێشەکی

نۆڕمەکانی مۆدێرنیتە لەبەر پەیوەندیی کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا، گۆڕانکارییەکانی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن، زیاتر بوونی ڕێژەی شارنشینی، بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری، هەڵبژاردنەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی خێرا لە هەرێمی کوردستان بڵاوبوونەتەوە، ئەو نۆڕمانە لەگەڵ بەشێک لە دابونەریتەکانی هەرێمی کوردستان حاڵەتێکی دیالکتیکییان پەیداکردووە. لە دابونەریتە سوننەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان وەک تێز و نۆڕمەکانی مۆدێرنیتە وەک ئانتی تێز، سەنتێزێک پەیدابووە کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئیدارەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە. ئەم سەنتێزە زیاتر گرنگی بە حاڵەتی دونیاپەرستی و خۆشگوزەرانی دەدات و پانتاییەکی دروستکردووە کە هاوڵاتییان زیاتر بیر لە کۆکردنەوەی سامان و بەرژەوەندییەکانیان بکەنەوە، لەناو پانتایی سیاسی بەشێکی زۆر لە بەرپرسەکان لەسەر بنەماکانی عەشیرەتی، خزمایەتی، گوێڕایەڵبوون، مەراییکاری و هەلپەرستی دەسەڵاتیان بە دەستگرتووە، بۆیە ئەوانیش لەسەر هەمان بنەما ئیدارەی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمەش قەیرانی گەورەی گەندەڵیی ئیداری بۆ سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروست کردووە کە خەڵکانی هەژار و ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە دابونەریتەکان هەیە ئازار دەدات. گرنگیی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە کە تێگەیشتنێکی زانستی لە دیالێکتیکیی سوننەت و مۆدێرنیتە لە هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو و دەستنیشانی هۆکارەکانی گەندەڵیی ئیداری و چارەسەرکردنی دەخاتەڕوو و دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان کە بتوانێت

پرۆگرامێکی باشتر بۆ گەشەکردن و خۆشگوزەرانیی هاوڵاتییان دابڕێژێت تاکو سەقامگیریی زیاتر لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکرێت. ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتییە لەوەی کە لە پانتایی سیاسیی هەرێمی کوردستان تێگەیشتنێکی زیاتر بۆ قەیرانەکانی سیاسی دروست ببێت و لایەنە سیاسییەکان لەسەر بیروباوەڕە جیاوازەکان وەک دوژمن سەیری یەکتر نەکەن و زیاتر هەوڵی کارکردن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بدەن تاکو خۆشگوزەرانیی زیاتر بۆ هاوڵاتییان دابینبکرێت، نەک دژایەتی و بۆچوونی جیاوازیان ببێتە هۆی ئەوەی کە قەیرانی زیاتر لە هەرێمی کوردستان دروستبکەن. پرسیاری سەرەکیی توێژینەوە ئەوەیە دیالێکتیکی سوننەت و مۆدێرنیتە چ کاریگەرییەکی لەسەر هەرێمی کوردستان دروستکردووە؟ ئەو گریمانەیەی کە دانراوە ئەوەیە کە دیالێکتیکی سوننەت و مۆدێرنیتە سەنتێزێکی لە هەرێمی کوردستان دروستکردووە کە ڕێگر بووە لەوەی فکرێکی نەتەوەیی مودێرنی کوردستانیی بەهێز دروست ببێت. حیزبەکان و هاوڵاتییان زیاتر لەژێر کاریگەریی هەستی عەشیرەتی و خزمایەتیدانە و لەسەر ئەو بنەمایەش حیزبەکان دەستنیشانی بەشێکی زۆر لە خەڵک بۆ پۆستە باڵا حکومییەکان دەکەن و بەشێکی زۆری هاوڵاتییانیش لە هەڵبژاردنەکان لەسەر ئەو بنەمایە دەنگ بە پاڵێوراوان دەدەن، بۆیە ئەو خەڵکانەش کە لەسەر ئەو بنەمایە پۆستی باڵا و دەنگی خەڵکیان بەدەستهێناوە هەر بەو عەقڵییەتەش ئیدارەی دامودەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن. لەبەرئەوە حاڵەتێکی ئانۆمی و پەرێشانی، پۆپۆلیستی، ناسنامە جیاوازەکان و تێگەیشتنێکی هەڵە بۆ چەمکە سیاسییە گرنگەکان پەیدابووە کە کاریگەریان لەسەر زیاتربوونی گەندەڵیی ئیداری لە دامودەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان هەبووە. میتودی دیالێکتیکی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بەدوای ئەوەوەیە کە ئەوە نیشانیبدات: دیالێکتیکی سوننەت و مودێرنیتە وەک بگۆڕی سەربەخۆ چ کاریگەرییەکی لەسەر بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەک

بگـــۆڕی گرێـــدراو دروســـت کـــردووە و بە شـــێوەیەکی تیـــۆری باســـی چارەســـەرکردنی ئەو کێشـــانە دەکـــات کە لەبەر دیـــالێکتیکی ســـوننەت و مۆدێرنیتە لە هەرێمی کوردستان دروستبووە.

## بەشی یەک: دیالێکتیکی سوننەت و مۆدێرنیتە

کێشە و ململانێی زۆر لە نێوان خەڵکانی سوننەتگەرا و مۆدێرنخوازدا هەیە، خەڵکانی سوننەتی لایەنگری لە پێگە و مەشروعیەتی ڕابردوویان دەکەن و دەیانەوێت کە یاسا کلاسیکییەکان و دابونەریتەکان بپارێزن، لە هەمان کاتیشدا مۆدێرنخوازەکان دەیانەوێت ڕیفۆرم و گۆڕانکاری ئەنجام بـــدەن و شـــیکردنەوەیەکی نـــوێ بـــۆ ســـەرچاوەکانی مەشـــروعیەت و دابونەریتەکـــان لەنـــاو کـــۆمەڵگەی هەرێمـــی کوردســـتان دروســـت بـــکەن. مۆدێرنیتە مرۆڤی لەژێر دەسـەڵاتی کەنیسـە ئـازاد کرد و ئەو هزرەی لای خەڵـک دروسـت کـرد کە مرۆڤەکـان خۆیـان دەتـوانن کاریگەرییـان لەسـەر چارەنووسیان هەبێت و تەرکیزی لەسـەر گەشـەکردنی زانسـت کـرد و بە شـێوەیەکی گشـتی ڕەخـنەی لە دابـونەریتە سـوننەتییەکان و تێڕوانینـی تاکەکـــان بـــۆ ئـــاین گـــرت و حـــاڵەتێکی سکۆلاریســـتی دروســـت کـــرد. (Gounari, 2018: 86)

### ١ــ تاکگەرایی و کۆمەڵگەرایی

تـــاکگەرایی یەک لە بـــابەتە گرنگەکـــانی فەلســـەفەی ڕۆژئـــاوایە و مێژووەکەی بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، کاتێک کە ئەرستۆ ڕەخنە لە ئەفکارە کۆمەڵگەراییەکـانی ئەفلاتـۆن دەگـرت، بەڵام باسـی تـاکگەرایی لە دوای سـەدەی هەژدە گرنگی پەیداکرد. (Wagner, 1995: 152) مـۆدێرنیتە لەبەرئەوە پەیـدابوو کە تـاکێکی ئـازادیخواز بەرهەمبێـت، کە بـاوەڕی بە یەکسـانی مرۆڤەکـان هەبێـت. (Smallwood,2014: 111) مـۆدێرنیتە جۆرێکی نوێی تێڕوانینی زەینی تاکگەرایی لەناو کۆمەڵگە دروسـتکرد کە

لەگەڵ زەینیەتی سوننەتی کۆمەڵگەکان بۆ تاک جیاوازی هەبوو. مرۆڤ هەستێکی نوێی بۆ خۆی، ئازادی و مافەکانی پەیداکرد و پانتایی تایبەتی و گشتی لە یەکتر جیا کردەووە و ڕۆڵێکی زیاتری بە پانتایی تایبەتی لەناو کۆمەڵگە دا. (Lauzon, 2011: 73_74) لەناو هزری تاکگەراییدا، تاکەکان بیر لە بەرژەوەندییەکان دەکەنەوە لەناو گروپەکان و کۆمەڵگەدا، بەڵام بەبێ ئەوەی کە کێشە بۆ بەرژەوەندیی گشتی دروستبکەن. لە کۆمەڵگەرایی، تاکەکان لە سەرەتادا بیر لە بەرژەوەندیی گشتی دەکەنەوە دوایی بیر لە بەرژەوەندییەکانیان دەکەنەوە، یان تەنانەت لەبەر بەرژەوەندیی گشتی بیر لە بەرژەوەندییەکانیان ناکەنەوە. ( Wagner, 1995: 152_154) تاکگەرایی و کۆمەڵگەرایی یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی ناکۆکی لە نێوان سوننەت و مۆدێرنیتە. یەکێک لە جیاوازییەکانی کلتووری تاکگەرا لەگەڵ کۆمەڵگەرا ڕێژەی گرنگیی ((خودی دەق)) لە بەرانبەر ڕێژەی گرنگیی ((پەراوێزی دەق))ە. بەو مانایەی کە لەناو کلتووری تاکگەرادا ڕەسەنایەتیی ناوەرۆکی دەق گرنگە و ڕەفتارەکانی خەڵک دیاریدەکەن، بەڵام لە زۆربەی کلتوورە کۆمەڵگەراکاندا شتەکانی دەورووبەر و پەراوێزی دەقەکان گرنگی زیاتریان لە ناوەرۆکی دەقەکان هەیە و مانای دروستیی دەقەکان و ڕەفتارەکانی خەڵک لەناو کۆمەڵگە دیاریدەکەن. بۆ تێگەیشتنی دروست لە هەر کۆمەڵگەیەک زۆر گرنگە کە بە دروستی بزاندرێت کە ئایا ئەو کۆمەڵگەیە زیاتر گرنگی بە تاکگەرایی یا کۆمەڵگەرایی دەدات.

بە گشتی کەسایەتیی سیاسیی (Political Self) هەر تاکێک لە هەر قۆناغێکی زەمەنیدا لە تێکەڵبوونی هەستە جۆراجۆرەکانی بە ڕێژەی جیاواز لەگەڵ یەکتر کاریگەری لەسەر ناسنامەکان، بیروباوەڕە گشتییەکانی وەک نیشتمان، تێڕوانینی تاک سەبارەت بە نەتەوە و چینایەتیی خۆی، پابەندبوونی بە ئاین، هەستەکانی تاک سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانی لەناو کۆمەڵگەدا هەیە. لە دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکان

تێڕوانینـــی کەســـەکان ســـەبارەت بە ڕووداو و بابەتەکـــان گۆڕانکارییـــان بەســـەردا دێـت و لەســـەر ئەم بنەمـایە کەسـایەتیی سیاسـیی تاکەکـان بە شـێوەیەکی بەردەوام لە گۆڕانکاریـدایە. (بینگهـام و الموند، ١٣٧٥: ١١٣ – ١١٤) گەشـەکردنی کـۆمەڵگە دەرفەتێکـی زیـاتری لە پانتـایی جۆراجـۆر خستۆتە بەردەم تاکەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بڕیاربدەن و لە جیاتی یەکپارچەکردنی بیروبۆچوونەکان لەناو کۆمەڵگە زیاتر گرنگی بە فرەڕوانگەیی مرۆڤەکان بدەن، (اینگلهارت و ولزل، ١٣٩٤: ٢٣ – ٢٤) بەڵام بە شـــێوەیەکی گشـــتی زۆربەی ئەو سیســـتەمانەی کە دابـــونەریتی ســـوننەتییان هەیە و بە شـــێوەیەکی ئەرێنـــی ســـەیری گۆڕانکـــارییە کۆمەڵایەتیەکـان نـاکەن، زیـاتر گرنگـی بە یەکگرتـوویی و سـەقامگیریی کۆمەڵایەتی دەدەن. (اینگلهارت، ١٣٩٥: ٦٦)

## ٢_ دابونەریتەکان و عەقڵانیەت

دابونەریتەکـان لەنـاو پانتـایی سـوننەتی هێزێکـی زۆریـان هەیە کە کۆمەڵێک لە زەینیەت و ئایدیاکان لەخۆدەگرێت و مانایەکی تایبەتیان هەیە و لە ڕابـردوو سـەرچاوە دەگـرن و حـاڵەتێکی گشـتییان هەیە و زیـاتر لە نەوەیەک باوەڕیان پێی هەیە و بۆتە بنەمای کردار و ڕەفتاری خەڵکانێکی زۆر لەنـاو کـۆمەڵگە، (مکـی و ملکـی، ١٣٨٦، ص ١٠٦) بەڵام مـۆدێرنیتە کاریگەریی لەسەر گۆڕانکارییەخێرا زانسـتییەکان هەبووە و زانسـت زیـاتر بە شێوەیەکی عەقڵانی بە دوای هۆکاری ڕووداوەکاندا دەگەڕێت و کەمتر گرنگـی بە هۆکـاری ئیلاهـی و دابونەریتەکـان دەدات. ( :Harvey,2007 226 _225) لە ڕوانـگەی هێگـل بـابەتی مـۆدێرنیتە تەنیـا پەیوەسـت بە بـابەتی هـزری و ڕۆشـنگەری زانسـت نییە، بەڵکو پەیوەسـتە بە ئـابووری، سیاسەت و کۆمەڵایەتی و لەدایکبوونی جیهانێکی نوێ کە جۆرێکی نوێ لە خودبـوون دروسـتدەکات. بـۆ تێگەیشـتنی گـوزەر بە مـۆدێرنیتە مـرۆڤ پێویسـتی بە جـۆرێکی جیـاواز لە خۆئاگـایی و گەیشـتن بە تێگەیشـتنێکی

دروست لە مێژوو هەیە، کە قۆناغی ئێستا بە چ شێوەیەک دروستبووە و بە چ شێوەیەک بەرەو قۆناغی تر تێپەڕ دەبێت. ( Brandom, 2019: 469-471) قۆناغەکانی نوێگەرایی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە تێڕوانینەکانی خەڵکی دروستکرد و گۆڕانکاری لە دابونەریتە سوننەتییەکان بۆ نۆڕمە عەقڵانییەکان هەبوو. (اینگلهارت، ١٣٩٤: ١٣ - ١٤)

ماکس ڤێبەر باوەڕی بەوە هەبوو کە یەکێک لە ئاماژەکانی گواستنەوەی کۆمەڵگە لە قۆناغی پێش پیشەسازی بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی ئەوەیە کە پرۆسەی عەقڵانیبوون بەسەر تەواوی پانتاییەکانی کۆمەڵگەدا زاڵ دەبێت و گۆڕان لە دابونەریتە سوننەتییەکان بۆ نۆڕمە عەقڵانییەکان لە ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکرێت. دەسەڵاتی سوننەتی مەشروعیەتی خۆی لەدەستدەدات و دەسەڵات بەرەو قۆناغی عەقڵانی و یاسایی تێپەڕ دەبێت. (مکی و ملکی، ١٣٨٦: ١٠٣) لە ڕوانگەی ماکس ڤێبەر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی عەقڵانیەت لەناو مۆدێرنیتە ئەوەیە کە پێوەری کۆنترۆڵکردنی ژیان لە ڕێگای زانیاری و لۆجیک بێت و تەرکیز لەسەر عەقڵ دەکەن، کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری کردنی پەیوەندییە کەسییەکانیش دروستدەکات، بەڵام لە قۆناغی سوننەتی تەرکیز لەسەر دابونەریتەکان و هەست و سۆز دەکرێت و ڕەفتارەکان بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە ناکرێن. ( Wallace, 1990: 201_203) لەناو پانتایی سوننەتیدا دابونەریتە زاڵەکانی سەر کۆمەڵگە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە، خەڵک بەدوای ئەوەدا ناگەڕێن کە شتی نویێ دابهێنن، بەڵام لەناو پانتایی مۆدێرنیتە جۆرە هزرێک دروست دەکات کە مرۆڤەکان واز لە تێڕوانینەکانی ڕابردوو بێنن و بەپێی ئەو گوڕانکارییانەی کە ڕوویانداوە لە ڕێگای تاقیکردنەوە و هەڵەکردن بتوانن هزرێک دروست بکەن کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بگونجێت. ( Lal, 2000: 8_9)

زاناکانی وەک دانیل لێرنێر ١٩٥٨، ئەلموند و کۆڵمەن ١٩٦٠، لۆسیان پای و ڤێربا ١٩٦٣، ئەلموند و پاول ١٩٦٦، واینر ١٩٦٦، بایندێر ١٩٧١، ئینکێلس و سمیت ١٩٧٤، پۆتنام ١٩٩٣، فۆکۆیاما ١٩٩٥ و هانتینگتۆن ١٩٩٦ باوەڕیان بەوە هەبووە کە هەموو کۆمەڵگەکان بۆ ئەوەی سیستەمی سەرمایەداری تێدا گەشە بکات پێویستە کە گۆڕانکاری لەناو دابونەریتەکانیاندا بکەن و بە شێوەیەکی عەقڵانی گرنگی بە مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگەکانیان بدەن. (اینگلهارت و ولزل، ١٣٩٤: ٤١-٤٤) مۆدێرنیتە مرۆڤ لەسەر بنەمای عەقڵ دروستدەکات کە مرۆڤێکی چالاک بێت، حەزی گەورەیان بۆ بەدەستهێنانی پلە بەرزەکان هەبێت، لێهاتوو و پرۆگرامدارێژەر بێت، لە بەرانبەردا، مرۆڤی سوننەتی لەسەر بنەمای دابونەریتەکان مرۆڤ دروست دەکات کە بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤێکی نەریتگەرا، ڕەشبین و توانای پرۆگرام دارشتن و حەزی گەورەی بۆ بە دەستهێنانی پلە زۆر بەرزەکان نییە. (سیونگ یو، ١٣٧٧: ١٨٥) بەڵام تاکو ئێستاش لە هەموو دەوڵەتەکان ئەو شتە گرنگیی هەیە کە چ شتێک لەناو ڕای گشتی هاوڵاتییان گرنگە و بیروباوەڕیان بە چ شتێک هەیە، خەڵک بەرژەوەندییەکانیان لە چ شتێک دەبینەوە، دابونەریتەکان کاریگەریی زۆریان لەسەر پرۆسەی سیاسی هەیە، بۆیە ناکرێت بڵێین کە هیچ کۆمەڵگەیەک هەیە کە گرنگی بە دابونەریتەکانی نەدات. لە سەردەمی شەڕی سارددا، ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەت هەر یەکەیان بەرگرییان لەو دەوڵەتانە دەکرد کە زیاتر لەژێر کاریگەریی دابونەریتەکان و نۆرمەکانی ئەواندا بوون، تەنانەت یەکێتیی ئەوروپاش لەسەر بنەمای نزیکیی دابونەریتی دەوڵەتەکان لەگەڵ یەکتردا دروستکران. ( Halman, 2007: 308) هەر لەبەر جیاوازیی دابونەریتەکانە کە تاکو ئێستا ڕێگری لە تورکیا کراوە کە ببێتە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا. بۆ تێگەیشتنی بارودۆخی سیاسیی هەر وڵاتێک دەبێت لەوە تێبگەین کە تێڕوانینی بنەڕەتیی ئەوان سەبارەت بە کۆمەڵگەیەکی باش چییە؟ بە چ شێوەیەک

هەوڵی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی باش دەدەن؟ (بینگهام و الموند،١٣٧٥: ٢٩) لەبەر گرنگیی دابونەریتەکان و عەقڵانیەت هیچ کامیان نەیانتوانیوە ئەویتر لەناو کۆمەڵگە بە تەواوی لەناو ببات، بۆیە بە شێوەیەکی بەردەوام حاڵەتی دیالێکتیک لە نێوانیاندا هەیە کە لە هەر جێگایەک و کاتێک جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەیە.

**٣_ئازادی و سنووردارکردنی**

ئازادی یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی ناو هەموو فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکانە کە هەر یەک بە شێوەیەکی جیاواز سنوور بۆ ئازادییەکان دادەنێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئازادی لەناو سوننەت و مۆدێرنیتە جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەیە. لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەی کە زیاتر لەژێر کاریگەریی سوننەتیدانە نۆڕمە سوننەتییەکان وەکو یاسا مەدەنییەکان کاریان پێ دەکرێت و کاریگەریشیان لەسەر وێنەی حکومەتداری هەیە (Forster and Koechlin, 2018: 232_ 233). لەناو پانتایی سوننەتیی ئاین، دابونەریت و عورفەکان زیاتر ئازادی سنووردار دەکەن، لە نووسینی یاساکاندا ئاینێک دەبێتە سەرچاوەی دەستوور و یاساکان بەپێی ئەو ئاینە سنوور بۆ ئازادییەکان دادەنێت، سەرەڕای ئاین دابونەریتەکانیش کاریگەریی زۆریان لەسەر سنووردارکردنی ئازادییەکان هەیە، لەبەر دابونەریتەکان یاساکان لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی یەکسان جێبەجێ ناکرێت و هەموو تاکێک بە شێوەیەکی یەکسان ئازادیی نییە، لەبەر هەندێک لە دابونەریت و عورفەکان هەندێک کەس لە هەندێک کەسی تر ئازادیی زیاتریان هەیە. لەناو پانتایی مۆدێرنیتە، تاکەکان لەسەر بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەکانیان ژیان بەسەر دەبەن (Dallmayr, 2016: 39_ 40) و ئازادی وەک مافێکی مەدەنی بە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتە دەژمێردرێت و هەوڵدراوە کە لەناو دەستوور و یاساکان ئازادی بە

شێوەیەکی یەکسان بۆ هەمووان دیاریکراو بێت ( Wenger, 2017, 239 _238). مۆدێرنیتە گرنگی بە سێ جۆری ئازادیی سیاسی، مەدەنی و ئابووری دەدات، بەڵام لەناو کۆمەڵگەیەک کە تەنیا ئازادیی مەدەنی و ئابووری هەبێت ناتوانێت سیستەمی دیمۆکراسی لەناو ئەو کۆمەڵگەیە جێگیر بکرێت (Lal, 2000: 5-6). ئەگەری ئەوە هەیە کە لەو کۆمەڵگەیە تاکەکان ئازادیی سیاسییان نەبێت و سیستمێکی دیکتاتۆری لەو کۆمەڵگەیە جێگیرکرا بێت.

جۆن لۆک لە وتارێکدا سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆڤ، بەو شێوەیە باسی ئازادی دەکات کە تا ئەو جێگایەی مرۆڤ دەسەڵاتی هزرکردن یا هزرنەکردن، جوڵەکردن یان نەکردن لەسەر بنەمای زهنی خۆی هەبێت ئازادی هەیە. لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجامنەدانی کارێک بەپێی بڕیاری زهن لە ڕوانگەی لۆک نیشانەی ئایدیای دەسەڵاتە. ئەو کاتەی کە کەسێک لەبەر هەر هۆیەک دەسەڵات و بڕیاری ئەنجامدانی کارێکی لەسەر هێزی ئیرادەی خۆی نەبێت، ئەو کەسە ئازادیی نییە، بەڵکو لەژێر دەسەڵاتی ناچاریدایە. لەسەر ئەو بنەمایەی کە هزر هێزی ئیرادە و ئیرادەی نەبێت، ئازادی ناتوانێت بوونی هەبێت و بەبێ ئازادیی هەبوونی هزر، هێزی ئیرادە و ئیرادە بوونی نابێت. لە ڕوانگەی لۆک تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان یاسا و ئازادی زۆر گرنگە و ئامانجی یاسا سنووردارکردنی ئازادی نییە، بەڵکو پارێزگاری کردن و زیادکردنی ئازادییە. بەبێ گرنگیدان بە یاسا تاک هەر شتێکی پێ باش بێت ئەنجامی بدات ئەوە ئازادی نییە، بەڵکو ئەوە دەبێتە بەڕەڵایی و ئانارشیستی ئەمەش مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگە دروست دەکات، چونکە لە حاڵەتێکی پاشاگەردانی و ئانارشیستیی تاک دەرفەتی کەڵک وەرگرتنی لە ئازادی نابێت. یاسا هێڵی نێوان ئانارشیستی و ئازادی دیاری دەکات. یاسا لە ڕێگای ڕێگریکردن لە توندوتیژیی خەڵک بەرانبەر یەکتر ئازادی زیاتر بڵاودەکاتەوە ( See: Locke,1983).

هابرماس باس لە ئاین، ئیمان و مەعریفە دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو کە خودا هەمـوو مرۆڤێکـی بە شـێوەیەکی ئـازاد دروسـتکردووە، بـۆیە تاکەکان هەموویان بە شێوەیەکی یەکسان دەبێت ئازادییان هەبێت، بەڵام دەبێت ئێمە بە شێوەیەک سنوور بۆ ئازادییەکانمان دابنێین کە کێشە بۆ خەڵکانی تر دروست نەکات ( _ Helge Hoibraaten, 2018: 446 447). ئـایزا بێـرلین بـاوەڕی بەوە هەبـوو کە دەسـەڵاتی هەڵبـژاردن و ئازادی لە ئەنجامدانی کارەکان لەناو ناخی هەر مرۆڤێک گرنگی هەیە، یان تەنانەت مرۆڤایەتیی مرۆڤ پێوەی گرێدراوە، لەبەرئەوەش ئازادی گرنگیی تایبەتی هەیە، چونکە مەیدانێک بۆ هەڵبژاردنی مرۆڤەکان ئامادە دەکات. تیـۆری بـرلین لە چوارچێـوەی پلـۆڕالیزمی نـۆڕمی، ڕەتکـردنەوەی دێترمینیسمی (Determinism) مێژوویی، بەرگریکردن لە دیمۆکراسی و ئازادی بوو. گرنگترین کاری بێرلین لەناو تیۆرە سیاسییەکان ئەوە بوو کە جیاوازیی لە نێوان دوو چەمکی ئازادیی نەرێنی و ئازادیی ئەرێنی داناوە. ئازادیی نەرێنی چاودێری لەسەر پانتایی تایبەتی ئازادییەکانی تاکەکان دەکات تاکو هیچ کەس یا لایەنێک دەستێوەردان لەناو کاروباریان نەکات. ئازادیی ئەرێنی وەک ئایدۆلۆژی کۆمەڵێک چەمکی گشتییە کە چوارچێوەی یەک سیستەم یان مەکتەب، ڕەفتار، ئەفکارەکان و پەیوەندیی تاکەکان دیاریدەکات. ئـازادیی نەرێنـی کاتێـک بەلاڕێدا دەچێـت کە پاڵپشـتی لە خەڵکانی لاواز لە بەرانبەر خەڵکانی بەهێزدا نەکات و مەیدان بە شێوەیەکی بێسنوور بۆ خەڵکانی بەهێز کراوە بکات، بەو مانایەی کە ئازادیی گورگ و مەڕ یەکسان بێت، شتێکی سروشتییە کە گورگەکان مەڕەکان دەخۆن. بۆیە ئەگەر سنوورێک بۆ خەڵکانی بەهێز دیاری نەکرێت خەڵکانی لاواز لەناودەبەن، بەڵام دیسان لە ڕوانگەی بێرلین سەرەڕای هەبوونی ئەم کێشانە نابێت ڕێگری لە ئازادی بکرێت، بەڵکو دەبێت ئیدارەی ئەوە بکەین تاکو ڕێگری لە وێنەی خراپی ئازادی بکەین، چونکە ئازادیی بێسنووری

ســـەرمایەداران ئـــازادیی کرێکـــاران لەناودەبـــات. ئـــازادیی بێســـنووری بەهێزەکان، ئازادیی لاوازەکان لەناو دەبات.

پێویســـتە هاوســـەنگییەک لەنێـــوان ئـــازادیی ئەرێنـــی و نەرێنـــی دروستبکرێت بۆ ئەوەی کە هیچ یەک لە ئازادییەکان بە لاڕێدا نەچێت. لە ڕوانگەی برلین هەر چەند کە دەرئەنجامەکانی بە لاڕێدا چوونی هەر دوو ئازادی حاڵەتێکی خراپی هەیە، بەڵام لە ڕوانگەی مێژوویی ئەگەر سەیری بکەین بە لاڕێدا چوونی ئازادیی ئەرێنی توندوتیژیی زیاتری لێپەیدابووە. هەر چەند کە ئازادیی نەرێنیش بە شێوەیەکی ئانارشیستی کێشەی زۆری بۆ کۆمەڵگاکان دروست کردووە. ئازادیی نەرێنیش بە تەنیا بەس نییە بۆ ژیانێکی باش و تەندروست، چونکە سەرەڕای ئازادی، بەهاکانی تری وەک ئاســـایش، دادپەروەری، ســـەقامگیری، خۆشـــبەختی، پێکەوەبـــوونی کـۆمەڵایەتی و ئاشـتی لەنـاو ژیـان گرنگییـان هەیە کە بەبـێ ئەوان ژیـان گرنگیی خـۆی لەدەسـتدەدات. دەبێت ئـازادی هەنـدێک سـنووردار بکرێت تـاکو بـۆ ئامـانجە گرنگەکانی مرۆڤ پانتاییەک بکرێتەوە، بەڵام لە هەمـان کاتیشدا ئازادیی نەرێنیش بە شێوەیەکە کە ئەگەر نەبێت، بەهاکانی تـریش هـیچ گرنگییـان نابێت. بە گشـتی بێـرلین باوەڕی بەوە هەبـوو کە بەپێـی گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگە دەبێت سەر لە نوێ گۆڕانکاری لە سنووری ئازادییە ئەرێنی و نەرێنییەکان بکەینەوە (See: Berlin, 2002).

### ٤_ئاین و سیکۆلاریزم

لە ڕۆژئـاوا ململانێ لەنێوان پیـاوە ئایینییەکـان و لایەنگرانـی سـوننەتی لەگەڵ لایەنگرانی مۆدێرنیتە لەسەر ئەوە پەیدابوو کە ئاین لەناو کاروباری سیاسەت دەسـتوەردان بکـات یـاخود نـا (Lauzon, 2011: 78). هەنـدێک لە زاناکـانی وەک ژان بـۆدان، کـالڤن و لـۆتر باوەڕیـان بەوە هەبـوو کە پێویستە ئاین لەنـاو کاروبـاری سیاسـەت دەسـتوەردان بکـات، لە ڕوانگەی

لۆتر دەسەڵاتی خودایی هەوڵی چارەسەرکردن یاخود دوورکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی شەڕانگێزیی مرۆڤەکان دەدات، لەبەرئەوە پێویستە کە ئاین لەناو کاروباری سیاسەت دەستوەردان بکات، ئەگەر ئاین لەناو کاروباری سیاسەت دەستوەردان نەکات دەبێتە هۆی ئەوەی کە حاڵەتی شەڕانگێزیی زۆر لەناو کۆمەڵگە پەیدا ببێت. لە ڕوانگەی کالڤن بەرپرسە حکومییەکان لەلایەن خودا ڕاسپێردراون بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. لە ڕوانگەی ژان بۆدان فەرمانڕەوا نوێنەری خودایە و ڕۆڵی ئەو بەرقەرارکردنی دادپەروەرییە لەسەر زەوی، بۆیە پێویستە کە هەموو خەڵک گوێڕایەڵی بڕیارەکانی فەرمانڕەوا بێت. لە ڕوانگەی بۆسوعە جیهان بەویستی خودایی ئیدارە دەکرێت، ئاین و دادپەروەری بە بنەمای دەوڵەت دەژمێردرێن و خزمەتکردن بە خودا زۆر لە خزمەتکردن بە خەڵک گرنگترە. مرۆڤەکان ئامرازی خوداوەندن و سیستمی پاپ باشترین سیستەمە، چەمکەکانی وەک گرێبەستی کۆمەڵایەتی، سەروەریی گەل هیچ ڕەوایەتییەکیان نییە، پێویستە ڕەخنە لەو کەسانە بگیرێت کە ئاین و سیاسەت لەیەکتر جیادەکەنەوە. بە گشتی لەناو ئەو هزرە پێویستە سەرچاوەی ڕەوایەتیی ئەو کەسەی کە دەسەڵات وەردەگرێت و دەبێتە فەرمانڕەوا خودا بێت نەک گەل ( بنگر بە: باربیە، ١٣٨٣).

هەندێک لە زاناکانیش ئاینیان ئەوەندە سادە دەکردەوە کە لە خزمەتی دەسەڵاتدا بێت. ماکیاڤللی باوەڕی وابوو کە پێویستە ئاین وەک ئامرازێک لە خزمەتی فەرمانڕەوا بێت. لە ڕوانگەی ئەو فەرمانڕەوا بۆ بەرژەوەندییەکانی دەتوانێت دەستکاری و پێناسەکانی تایبەت بە ئاین بکات (See: Machiavelli, 1995). تۆماس هۆبز لەناو پەرتووکی لیڤیاتان ئەوە دەخاتەڕوو کە ئاین بۆ کۆمەڵگە پێویستە، چونکە وا لە خەڵک دەکات کە پابەندی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بێت و گوێڕایەڵی بڕیارەکانی فەرمانڕەوا بێت (See: Hobbes, 1985) . پێویستە سیاسەتمەداران بۆ بەرژەوەندییەکانیان لەناو کاروباری ئاینی

دەستوەردان بکەن و خەڵکیش تەنیا دەبێت باوەڕیان بەو ئاینانە هەبێت کە فەرمانڕەوا مۆڵەتی پێداون، ئەوانەی کە فەرمانڕەوا مۆڵەتی پێنەداون نابێت خەڵک باوەڕیان پێی هەبێت ( تاک، ١٣٧٦: ١٣٤)، چونکە هۆبز وا هزری دەکرد کە قەیرانەکانی سەردەمی بریتانیا لەبەر جیاوازییە ئاینییەکان بووە، باوەڕی بەوە هەبوو ئەگەر ئاین بەشێک بێت لە دەسەڵات ئەو کات ئاشتی و سەقامگیری لە کۆمەڵگەی بریتانیا بەرقەرار دەکرا. لە ڕوانگەی ئەو ئەگەر کەنیسە و حکومەت هەر دوو دەسەڵاتیان هەبێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە دوو حوکمڕان هەبێت و هاوڵاتییان ناتوانن لەیەک کاتدا بڕیارەکانی هەردووکیان جێبەجێ بکەن (See: Hobbes, 1985). مۆنتسکیۆ بە شێوەیەکی ئەرکی(وەزیفی) سەیری ئاینی دەکرد، بۆیە بە پێویستی دەزانی کە ئاین وەک ئامرازێک لە دەستی فەرمانڕەوا بێت، ئەمەشی بە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە دەزانی، چونکە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەسەڵات ئاسانتر دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەقامگیری لە کۆمەڵگە بەرقەرار بێت. سپینۆزەش باوەڕی بەوە هەبوو کە پێویستە بە شێوەیەکی تەواو ئاین لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی بێت و دەسەڵاتی سیاسی مافی دەستێوەردانی لەناو کاروباری ئاینی هەبێت، بەڵام زانا ئاینییەکان ئەو مافەیان نەبێت کە دەست لە کاروباری سیاسی وەربدەن ( بڕوانە: باربیە، ١٣٨٣).

دوای مشتومڕێکی زۆر حکومەتی سیکۆلاریستی لە ڕۆژئاوا لە دژی حکومەتی ڕەهای دەسەڵاتی کەنیسەکان سەریهەڵدا کە لەسەر بنەمای مافی سروشتی گرنگیی بە سەروەریی گشتی هاوڵاتییان دەدا (Stephanie Smallwood, 2014, 111) (Lauzon, 2011: 76)، کە نابێت ئاین لەناو کاروباری سیاسی دەستوەردان بکات، پێویستە ئاین و سیاسەت لە یەکتر جیابکرێنەوە (Arcy May, 2008: 9_10). جۆن لۆک یەکێک بووە لەو زانایانەی کە لەناو پەرتووکی نامەیەک دەربارەی لێبووردەیی، جەختی لەسەر جیاوازیی ئاین و سیاسەت دەکردەوە، لە

ڕوانگەی لۆک دەوڵەت حاڵەتێکی دونیایی هەیە و ئامرازە دونیاییەکان لە دەستی دەوڵەتدایە، حاڵەتی مەعنەویی و ڕوحی مرۆڤەکان و ئاین لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسیدا نییە. بنەمای کارکردنی فەرمانڕەوا لەسەر هێزە، بەڵام ئاین لەسەر بنەمای ئیمان و باوەڕی هزری تاکەکان دامەزراوە. هەر مرۆڤێک بە شێوەیەکی ئازاد دەتوانێت ئاینی خۆی هەڵبژێریت و خواپەرستی بکات. پێویستە گەل خاوەنی دەسەڵات و سەروەری بێت. جۆن لۆک باوەڕی بەوە هەبوو کە نابێت ئاین و سیاست تێکەڵ بکرێن، پێویستە خەڵک ئازاد بێت کە باوەڕی بە هەر جۆرە ئاینێک هەبێت و نابێت خەڵکانێک کە باوەڕیان بە کەنیسە نەبێت وەک دژی سیاسەتەکانی حکومەت سەیر بکرێت، پێویستە کە تاک خۆی بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە باوەڕی بە چ ئاینێک هەبێت و بە چ شێوەیەک خودا بپەرستێت، نابێت حکومەت بۆی دیاربکات کە باوەڕی بە چ ئاینێک هەبێت (بڕوانە: لاک، ١٣٧٧). بنجامین کنستان ئاین دابەشی دوو لایەنی ڕواڵەتی و هەستی دەروونی دەکات، لە ڕوانگەی ئەو هەستی دەروونی ئاین ناگۆڕێت و دژایەتی لەگەڵ ئازادی نییە و کاریگەریی زۆر ئەرێنی لەسەر ئازادیی مرۆڤەکان هەیە، بەڵام وێنەی ڕواڵەتی ئاین دەگۆڕدرێت و کاتییە و ئەگەری هەیە کە لە دژی ئازادی بێت و بەرگری لە ستەمکاری بکات. لەبەر ئەو دوو وێنەیەی ئاین بوو کە بنجامین باوەڕی بە یەکگرتوویی ئاین و سیاسەت نەبووە، لە ڕوانگەی ئەوەوە، بە دەستوەردانی ئاین لە کاروباری سیاسی، ئاین وەک ئامرازێک دەکەوێتە بەر دەستی هەندێک خەڵک کە تەنانەت ئەگەر باوەڕیان بە ئاینیش نەبێت، بەڵام بۆ بەرژەوەندییەکانیان ئاین بەکاربێنن، ئەمەش یەکتر قبوڵکردن لەناودەبات و ستەمکاری لە کۆمەڵگە دروست دەکات، چونکە بە ناوی ئاین دژەکانیان، ئازادییە مەدەنییەکان لەناو دەبەن و ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر ئاینیش دەبێت، بەڵام بە جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت، ئاین لەژێر دەسەڵاتی سیاسی ڕزگاری دەبێت و ئاین دژایەتی لەگەڵ ئازادییە

مەدەنییەکان و مافی مرۆڤ و یەکسانی مرۆڤەکان نابێت ( بڕوانە: باربیە، ١٣٨٣).

ئالێکسی دۆتۆکویل باوەڕی بەوە هەبوو کە بە دەستێوەردانی ئاین لەناو سیاسەت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاین لەگەڵ کارە خراپەکانی دەسەڵات هاوبەش بێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان لە ئاین دوور بکەونەوە، لە ڕوانگەی ئەو دەسەڵات ئەگەری زۆرە کە هەڵە بکات و گۆڕانکاری زۆری تێدا بکرێت، بەڵام ئاین حاڵەتێکی نەگۆڕی هەیە. بۆیە تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەت دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە زیانی ئاین تەواو ببێت (See: Tocqueville, 2004). ماکس ڤێبەر لە پەرتووکی ئەخلاقی پڕۆتستان و ڕوحی سەرمایەداری ئەوە دەخاتەڕوو، کە گەشەکردنی سیستەمی سەرمایەداری لە جیهان لەبەر ڕیفۆرم کردن لەناو ئاینی پڕۆتستان بووە، ئاینی پڕۆتستان بە ژێرخانی سەرەکیی گەشەکردنی ڕۆژئاوا دادەنێت (See: Weber, 2011). سەرەڕای ئەوەی کە ئەو هزرانە پەیدابوون، کە ئاین نابێت لەناو کاروباری سیاسی دەستێوەردان بکات، بەڵام لەناو مۆدێرنیتە ئایدۆلۆژیای نوێی سیاسی پەیدابوون کە جێگای سیستەمەکانی فکری ئاینیان گرتۆتەوە و بە شێوەیەکی سیکۆلاریستی دیار دەکەن کە پێویستە چ ئایدیا و نۆڕمێک لەناو کۆمەڵگە گرنگیی پێ بدرێت. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی زۆر لەگەڵ ئاینەکان جیاوازییان نییە، چونکە ئەوانیش لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە ئەوە دیاریدەکەن کە چ ڕەهەندێکی ئەخلاقی، سیاسی و کلتووری لەناو کۆمەڵگە گرنگە (Steger, 2013: 217) گەشەکردنی نۆڕمە سیکۆلاریستی-عەقڵانییەکان کاریگەری لەسەر سیکۆلار بوونی دەسەڵاتیش دەبێت و ڕەوایەتی کە لە ئاین و دابونەریتەکان سەرچاوەی گرتووە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەمەش بەو مانایە نییە کە کۆمەڵگە بەرەو دیمۆکراسی ببات، چونکە ئایدۆلۆژیا فاشیستی و کۆمۆنیستییەکان لە سیکۆلاربوونەوە سەرچاوەیان گرتووە ( اینگلهارت و ولزل، ١٣٩٤: ٥٤ ).

هەرچەنـدە سـیکۆلاریزم بنـاغەی نـۆڕمە نوێیەکـانی بـۆ حـوکمڕانی مۆدێرن ئامادە کرد کە لە دامودەزگا حکومییەکان گرنگی بە ئاین نەدەن (Menchik, 2018: 704 _ 705)، بەڵام ئـێمە دەبینـین کە ئـاین هەر کاریگەری لەسەر پانتایی گشتی و بیروباوەڕی خەڵک لە ڕۆژئاوا هەیە و سیکۆلاریزم بەو مانـایە نییە کە ئـاین هـیچ جۆرە کـاریگەرییەکی لەسـەر سیاسـەت نەبێت (Brien, 2016: 144 _ 145)، بە تـایبەت لە کـاتی دەنگدان و کارکردنی حیزبە سیاسییەکان زۆرجار ئاین کاریگەریی لەسـەر سیاسـەتی ئەوان هەبـووە (Menchik, 2018: 706). بە گشـتی لەنـاو پانتـایی مـۆدێرنیتە ئـاین و سیاسـەت لەیەکتـر جیـادەکرێنەوە و گرنگـی بە هەر دوو پانتایی تـاک و گشـتی دەدرێت. لەنـاو فەزای سـوننەتیدا ئەم دوو پانتاییە لەیەکتر جیاناکرێنەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئـاین دەسـتوەردان لەنـاو هەمـوو بڕیارێکدا بکـات، (Wenger, 2017: 234 _ 238) بەڵام تێگەیشتنی تاک بۆ ئـاین لەبەر تەکنۆلۆژیـای نـوێ و سیسـتەمی پەروەردە گۆڕانکـاری بەسـەر تێڕوانینـی خەڵـک بـۆ ئـاین هێنـاوە، ئـاین تەنیـا لە لایەن مەلاکان یان قەشەکان لەسەر خەڵک ناسەپێندرێت، کەنیسە و مزگەوتەکان حاڵەتی ناوەندی بوونیـان لە بـواری ئـاین لەدەسـتداوە و فـرە سـەرچاوەیی لە بـواری ئـاین پەیـدابووە. ئـاینی مـۆدێرن بە شـێوەیەکی زۆر کـاریگەریی لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگە لە بوارەکـانی سیسـتمی پەروەردە، لۆبیکردن و یاساکان، دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان و ... هتد، دروستکردووە (Menchik, 2018: 706). لەبەر ئەو گۆڕانکارییـانە دەسـەڵاتی سـوننەتیش دووچـاری گۆڕانکـاری گەورە بـووە و بەرەو سیکولاریسـتی دەگـوازرێنەوە ئەمەش دیالێکتیک لەناو کۆمەڵگەکانیان دروست دەکات. (senturk, 2013: 46)

لە هەرێمـی کوردسـتان پیـاوانی ئـاینی بەو شـێوەیە قسـەکانیان لەنـاو ڕای گشــتی بــڵاودەکەنەوە کە قســەکانی ئەوان ســەبارەت بە ئــاین وەک ئەرک سەیر بکرێت، هەرچی ئەوان بە ناوی ئاین دەڵێن دەبێت خەڵک تەنیا گـوێ بگـرن و جێبەجێی بکەن، خەڵـک هـیچ مافێکیـان نەبێت کە ڕەخنە لە

قسـەکانی ئەوان بگـرن، چـونکە تێڕوانینەکـان و تێگەیشـتنیان لە ئـاین بە شێوەیەکی ڕەها دروست دەبینن، بەڵام حەقیقەتی ئاین بەو شێوە ڕەهاییە نیـــیە کە ئەوان خوێنـــدنەوەی بـــۆ دەکەن، تەنـــانەت هەر تێـــڕوانین و شیکردنەوەی ئەوان خۆیان لەگەڵ یەکتر زۆر جیاوازییان هەیە. بۆیە ئەم پرسـیارە دێتەئـاراوە کە حەقـیقەت لە لای کـام یەک لەوانەیە کە خەڵـک هەمـوو قســەکانی ئەو قبـوڵ بـکەن، بەڵام دەبینـین کە ئەوان خۆشـیان باوەڕیـان بەشـیکردنەوە و قسـەکانی یەکتـر نییە و کێشـە و جیـاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتر هەیە، لەبەرئەوەیە خەڵک دەبێت ئازاد بێت کە خۆی بڕیار بدات باوەڕی بە چ جۆرە تێگەیشتنێک لە شیکرنەوە و ئاینێک هەبێت و بە چ شێوەیەک خودا بپەرستێت.

## بەشی دووەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان

فاکتەرەکانی زیـاتربوونی ڕێژەی شارنشـینی، بەرزبـوونەوەی ئاسـتی خوێنـدەواری، پەیوەنـدیی هەرێمـی کوردسـتان لەگەڵ ڕۆژئـاوا، کۆمەڵگەی مەدەنـــی و هەڵبژاردنەکـــان کاریگەرییـــان لەســـەر ئەوە کـــردووە کە کـۆمەڵگەی کوردســتان لە قۆنــاغی ســوننەتی بەرەو قۆنــاغی مـۆدێرنیتە گـوزەر بکـات، بەڵام بە شـێوەیەکی تەواویـش نەیانتـاوانیوە کە بچـنە نـاو قۆنـاغی مـۆدێرنیتە، لەبەرئەوە حـاڵەتێکی تـایبەتی لەنـاو پانتـایی سیاسـیی هەرێمی کوردستان دروست بووە.

### ١ـ زیاتربوونی ڕێژەی شارنشینی

لە ڕوانگەی زاناکانی مۆدێرنیتە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و گەشەکردنی ئابووری کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکاریی نۆرمە ئەخلاقییەکان کردووە ( اینگلهارت و ولزل، ١٣٩٤: ٤٠ ). بەپێی تیۆری جۆن لۆک لەبەرئەوەی کە ڕێـژەی نفـوس زۆر بـووە خەڵـک گرێبەسـتێکیان کـردووە؛ بەشـێک لە

دەسـەڵاتەکانیان بە فەرمـانڕەوا داوە بـۆ ئەوەی گیـان و ماڵیـان بپارێزێت (بڕوانە: لاک، ١٣٨٧). بەپێی تیۆری دورکهایم زۆربوونی خەڵک بۆتە هـۆی ئەوەی کە دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی پەیدابێت، دابەشبوونی کاری کـۆمەڵایەتیش گۆڕانکـاری لە کۆمەڵگەکـان دروسـت دەکـات ( See: Durkheim, 1984). دانیـل لێرنێـریش کە دیراسـەی لەسـەر وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کردبـوو، بـاوەڕی بەوە هەبـوو کە زۆربـوون و گەورەبوونی شارەکان کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـردووە و ئەو کۆمەڵگەیـانە لە قۆنـاغی گواستنەوەدان بەرەو مۆدێرنیتە (See: Lerner, 1958).

بە گشتی باشتربوونی بژێوی ژیانی خەڵک لە شارەکان بۆتە هـۆی ئەوەی کە خەڵک واز لە گوندەکان بێنن و بێنە ناو شـارەکان ژیان بەسـەر بـبەن. گەشـەکردنی ئـابووری تەنیـا کـاریگەریی لەسـەر گۆڕانکـارییە پیشەسازییەکان نییە، بەڵکو کاریگەریی لەسـەر گەورەتر بوونی شـارەکان و بوارەکـانی کلتـووری، کـۆمەڵایەتی و سیاسـی کـردووە ( مکـی و ملکـی، ١٣٨٦: ١٠١ )، بەڵام لە هەنـدێ لە وڵاتـدا، کە لە قۆنـاغی گەشـەکردن دان هەنـدێک لە خەڵـک لە گونـدەکان بـۆ شـارەکان ڕۆیشـتوونە و لەوێ نەیـانتوانیوە کە کـارێکی بـاش بـدۆزنەوە و داهـاتێکی کەمیـان هەیە و هەژارن، بۆیە پێویستە کە حکومەتەکان گرنگی بە گەشـەکردن لە بـواری کشتوکاڵی و باشترکردنی ژیانی گوندەکان بدەن ( JICA, 2019: 171_ 174)، تاکو خەڵک لە گوندەکان بۆ شارەکان نەڕۆن.

ژیـانی شـاری یەکـێکە لە هۆکـارە سـەرەکییەکانی گەشـەکردنی مۆدێرنیتە و کاریگەریی زۆری لەسەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکان کردووە. لەنـاو گوندەکان خەڵک ڕۆژانە چاویان بە یەکتر دەکەوێت، بنەماڵەکـان گەورەن، حـاڵەتی باوکسـالاری بەسـەر گوندەکانـدا زاڵە، بەڵام لەنـاو ژیـانی شـارەکاندا دراوسـێکان پەیوەنـدییەکی ئەوتۆیـان

لەگەڵ یەکتــر نیــیە، تەنــانەت ئەگەری هەیە یەکتــر نەناســن، بنەماڵەکــان بچــوکترن و ســامان و زۆربەی ئیمکاناتەکــانی کــۆمەڵگە لە شــارەکانە و زیاتر بۆ دەرەوە گەشت دەکەن و کلتووری جیهانی کاریگەریی زۆریان لەسەر هەیە. (Kipnis, 2016: 1_3)

هەرێمی کوردستان لەبەر چەند هۆکارێک ڕێژەی شارنشینی زیاتر بووە. ڕژێمی بەعس زیاتر لە ٤٥٠٠ گوندی هەرێمی کوردستانی وێران کرد ڕێگری لەوە کرد کە خەڵکی ئەو گوندانە سەردانی گوندەکانیان بکەن و هەندێک لە زەوییەکانی ئەوانیشی مینڕێژ کرد. دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش زیاتر لە ٥٠٠ گوند لە هەرێمی کوردستان لەبەر کێشەی پ. ک. ک و تورکیا ئاوەدان نەکراونەتەوە و خەڵک لێیان نیشتەجێ نەبووە و نــاتوانن کشــتوکاڵ لەســەر زەوییەکانیــان بــکەن. تورکیــا و ئێــران لەبەر کێشەیان لەگەڵ حیزبە کوردییەکانیان هەندێک جار گوندەکانی نزیک لە سنوور تۆپباران دەکەن و خەڵک ناتوانێت بە ئاسودەیی لەو گوندانەدا بژییێت، بۆیە خەڵکێکی زۆر لەو گوندانە بەرەو شــارەکان ڕۆیشــتوون. ســەرەراڕی ئەوانە ئەو جووتیارانەی کە لە گوندەکانیش دەژین و کاری کشــتوکاڵی دەکەن، لە وەرزێــک کە بەرهەمەکانیــان پێدەگات و دەیهێنــنە بــازار بە نرخێکــی زۆر هەرزان لێیــان وەردەگیرێــت و داهــاتێکی زۆر بەدەستناهێنن کە بەشی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان بکات، چونکە ساردخانەی کەم هەیە کە جووتیارەکان بتوانن بەرهەمەکانیان تێدا ڕابگرن تــاکو دوایــی بە نرخێکــی گونجــاو لە بــازاڕ بیفرۆشــن، یــا بەرهەمە کشــتوکاڵییەکان لە دەوڵەتەکــانی دەوروبەر بە نرخێکی هەرزانتــر دێــنە بــازاڕی کوردســتان، جووتیارەکــانی کوردســتانیش نــاتوانن ڕکــابەرایەتیی بەرهەمی دەرەکی بکەن. جووتیارەکانی کوردستان بەرهەمی گەنمەکانیان ڕادەستی بەغدا دەکەن، بەغداش پارەی ئەوان بە ئاسانی ناداتەوە.

کێشـــــەی تـــــر ئەوەیە کە خەڵکـــــانێکی زۆری گونـــــدەکان لەبەر بەرژەوەنـــدیی حیزبـــی لە لایەن حیزبەکـــان وەک کارمەنـــدی حکـــومی و سەربازی دامەزراون، ئەوانیش دەستیان لە کاری کشتوکاڵی هەڵگرتووە، ئەمەش تەنانەت کاریگەریی لەسەر خەڵکانی تریش کە لە گوندەکان دەژین دروســتکردووە کە کەمتــر کشــتوکاڵ بــکەن. ئەمەش کێشــەی بــۆ ژیــانی گونــدەکان دروســـتکردووە و کـــاریگەریی لەســـەر ئەوە هەبـــووە کە ئەو خەڵکــانەی لە گونــدەکان دەژیــن زیــاتر بــۆ شــارەکان بــڕۆن و ڕێــژەی شارنشینی زیاتر ببێت، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسکران ژیانی سوننەتی گونــدەکان زیــاتر لە نــاوچووە و پانتــاییەکی زیــاتر بــۆ بڵاوبــوونەوەی نۆرمەکانی مۆدێرنیتە ڕەخساوە، بێ ئەوەی کە لە ڕوانگەی هزری خەڵک بۆ هاتنی نۆرمەکانی مۆدێرنیتە ئامادە بکرێت، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی لە ڕوانـگەی ئـابووری، کـۆمەڵایەتی و سیاسـی بـۆ کـۆمەڵگە و حکـومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە.

## ٢_ بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێندەواری

زاناکـانی مـۆدێرنیتە وەکـو لێرنێـر ١٩٥٨، ئێـنکلس و ئیسـمیت ١٩٧٤، دیاریــان کــردووە کە بەرزبــوونەوەی ئاســتی خوێنــدەواری کــاریگەریی لەســـەر خێرابـــوونی پرۆســـەی نوێبـــوونەوە دەبێـــت. لە زۆربەی وڵاتانـــدا زۆرینەی خەڵکی خوێندەوار تێڕوانینێکی مۆدێرنەیان بۆ پرس و بابەتەکان هەیە، تەنانەت تێڕوانینیان بۆ ئاین تێڕوانینێکی عەقڵانیی ئاینییە. (اینگلهارت و ولـــزل، ١٣٩٤: ٦٧) لە ڕێـــگەی سیســـتەمی پەروەردەوە نۆرمەکـــان بە شێوەیەکی پرۆگرام داڕێژراو لە ڕۆژئاوا دێنە وڵاتەکانی تر، ئەگەری هەیە کە ئەو نۆرمانە لەگەڵ عادات و تەقالیدە نەریتییەکان دژایەتییان هەبێت و کاریگەریی لەسەر بنەماڵەکان و پانتایی سوننەتی کۆمەڵگە، باوەڕ هەبوون بە زانســـت و توانـــای مـــرۆڤ لە چـــارەنووس و داهـــاتوو، بـــارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری بنەماڵەکان، ئاین و ڕەگەزەکان دروستبکات، بەڵام

لەناو کۆمەڵگەی سوننەتی کۆمەڵگەکان زیاتر هەوڵی پاراستنی میراتی کلتووریان دەدەن (Armer and Youtz, 1971: 604_ 605). بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و گەشەکردنی تەکنۆلۆژیا بۆتە هۆی ئەوەی کە تاکەکان سەربەخۆیی زیاتریان لە گەیشتن بە زانیارییەکان هەبێت. (اینگلهارت و ولزل، ١٣٩٤: ٥٧)

گەشەکردنی چینی ناوەڕاست و خەڵکانی خوێندەوار بۆتە هۆی ئەوەی کە ئاستی ژیان بەرزببێتەوە و کاریگەریی لەسەر زیاتربوونی هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگە هەبێت. مۆدێرنیتە لە ڕێگای دەرفەتی یەکسانی خوێندن بارودۆخێکی باشتری لە کۆمەڵگە سوننەتییەکاندا بۆ کارکردنی ئافرەتان لە بوارە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا دروستکردووە (Khurshid, 2015: 99_ 100). بە باوەڕی دانیێل لێرنێر بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێندەواری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەریی لەسەر وێنەی نوێی ویست و ئارەزووەکانی هەبووە، ئەو ویستە نوێیانەش ئەفکاری نوێ و زانیاریی نوێی دروستکردووە (بڕوانە: لرنر، ١٣٨٣).

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس چەندین قوتابخانە بە شێوەی مۆدێرن کە خوێندنیان بە زمانەکانی بیانییە و چەندین زانکۆی نوێش لە هەرێمی کوردستان دروستکراون و لە پڕۆگرامی تواناسازیش حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین قوتابی بۆ خوێندن ڕەوانەی وڵاتانی دەرەوە کرد. ئەوانە کاریگەریی زۆریان لەسەر گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان دروستکردووە، بۆ نموونە ڕێژەیەکی زۆر لە کوڕ و کچ لە گوندەکان هاتوونەتە ناو شارەکان تاکو لە زانکۆکان دەرس بخوێنن، هاتنی ئەوانیش بۆ ناو شارەکانی کاریگەریی لەسەر ئەوە کردووە کە گۆڕانکاری لە ژیانیان ڕووبدات.

سەرەڕای ئەوەش کاریگەریی لەسەر ئەوە (see: Weiner, 2015) هەبووە کە کوڕ و کچەکان زیاتر لەگەڵ یەکتر تێکەڵ ببن یا بە شێوەیەکی پراکتیکی بۆ کچەکان دەرفەتی یەکسان بۆ خوێندن ڕەخساوە و وەک ڕابردوو ڕێگرییان لێ ناکرێت کە دەرس بخوێنن، ئەمەش گۆڕانکاریی زۆر گەورەی لە بواری ژیانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان دروستکردووە. پارادۆکس کە لەبەر بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری لە هەرێمی کوردستان لەنێوان دابونەریتەکان و نۆرمەکانی مۆدێرنیتە دروستبووە، کاریگەریی لەسەر لێکترازانە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان گەنجەکان و بە تەمەنەکان، لێکترازانی ڕەگەزی لەنێوان ئافرەتان و پیاوان دروستکردووە و ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر گۆڕانکارییەکۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دروستکردووە.

### ٣_ پەیوەندیی ڕۆژئاوا لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی

مۆدێرنیزاسیۆن لەبەر دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە شوێنەکانی تری جیهان بڵاوکراوەتەوە، دەوڵەتە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا لەسەر ئاستی جیهانی بە دوای بەرژەوەندییەکانیان دەگەڕان و پێویستییان بەوە هەبوو کە گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەکانی تر بەو شێوەیەی کە دەیانەوێت بکرێت ( Chong, 2007: 391 _ 392). لەسەرەتای مۆدێرنیتە دوو ڕوانگە و هزری سەرەکی لەناو مۆدێرنیتە دروستبوون. یەکەم: کارل مارکس باوەڕی بەوە هەبوو کە نوێگەرایی و گەشەکردنی پیشەسازی دەبێتە هۆی ئەوەی کە چینی سەرمایەدار چینی کرێکار لەناو کۆمەڵگە بچەوسێنێتەوە بۆیە پێویستە کە چینی کرێکار لە دژی چینی سەرمایەدار شۆڕش بکات و چینی سەرمایەدار لەناو ببەن. دووەم: ئادام سمیت پاڵپشتی لە سیستەمی

سەرمایەداری دەکرد و باوەڕی بەوە هەبوو کە هەموو کۆمەڵگەکان بۆ گەشەکردن پێویستە کەڵک لە سیستەمی ڕۆژئاوایی وەرگرن. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی ململانێی گەورە لەناو هەر دوو ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی و ڕۆژئاوایی هەبوو، هەر یەکەیان هەوڵی دەدا کە خۆی بەسەر ئەویتردا فەرز بکات. (اینگلهارت و ولزل، ١٣٩٤: ٤١-٤٢) مۆدێرنیزاسیۆن لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نموونەیەکی سەرکەوتوو بووە، هەرچەندە تێڕوانینی خەڵکی لۆکاڵی لەگەڵ ڕۆژئاوا جیاوازیش بوو و هەر یەکە لە ئاین، کلتوور، بیروباوەڕ جیاوازی خۆیان هەبوو، بەڵام لە بواری ئابووری، بازرگانیکردن و کڕین و فرۆشتن لەگەڵ یەکتر کۆ دەبوونەوە، مۆدێرنیزاسیۆن توانای هێزە کۆمەڵایەتییەکان و زاناکانی لەوێ بە شێوەیەک تێکەڵی یەکتر کرد کە هەماهەنگی لە سەرمایەگوزاری، هاوکاریی بازرگانی ئازاد و بوارەکانی تر دروست ببێت ( Chong, 2007: 392-393).

لەبەرئەوەی کە بەریتانیا و فەرەنسا لە کاتی دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی ڕێککەوتننامەکانی سایکس- پیکۆ، سیڤەر و لۆزان دژایەتیی کوردیان کرد و ڕێگەیان نەدا کە دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بکەن، کورد زیاتر پەنای بۆ ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی برد، بەڵام لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و ڕاپەرینی سالی ١٩٩١ و دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین بۆ هەرێمی کوردستان و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و هاتنی کۆمپانیا بیانی و دیپلۆماسییەکان دیفاکتۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرگای هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی خێرا بەڕووی ڕۆژئاوا کرایەوە و نۆڕمە ڕۆژئاواییەکان لە هەرێمی کوردستان زیاتر بڵاوبوونەوە. ئێستا چەندین ئەکتەری نوێی نێودەوڵەتی سەریانهەڵداوە کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی چوارچێوەی نێودەوڵەتی هەیە و گۆڕانکارییان لەناو سیستەمی نێودەوڵەتی دروستکردووە. ئەو ئەکتەرانە لە چوارچێوەی دامودەزگا

جیاوازەکان نۆڕمە ڕۆژئاواییەکان بڵاودەکەنەوە ( خبیری، ١٣٨٦: ١٠٠ ). ئەمانە کاریگەرییان لەسەر بڵاوکردنەوەی نۆڕمە ڕۆژئاواییەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە. ئێستا هیچ کۆمەڵگەیەک نییە دوای چەند کاتژمێرێک ئاگای لەو هەواڵ و ڕووداوانە نەبێت کە لە هەر جێگایەکی جیهان ڕوودەدەن ، ئەمەش وایکردووە کە بەشێکی زۆری خەڵک لەسەر ئاستی جیهان و هەرێمی کوردستانیش هەڵوێستیان بەرانبەر ڕووداوەکانی جیهانی هەبێت (بینگهام و الموند، ١٣٧٥: ٢٦)، چونکە ئێستا لەبەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەر ئاستی جیهان کراوە، هەر ڕووداوێکی گرنگ لە هەر جێگایەکی جیهان ڕووبدات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت.

کلتوورێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دروستبووە کە زۆربەی هاوڵاتییان کۆدەنگییان سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکان نییە و هاوڵاتییان سەبارەت بە ڕەوایەتیی دەسەڵات و چارەسەرکردنی کێشەکان دابەشی چەند دەستەی جیاواز بوونە. ئەو جیاوازییە لە نۆڕمە سیاسییەکان، لێکترازان و قەیرانی سیاسی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان دروستکردووە. لەبەر سەرمایەگوزاری کومپانیا گەورەکان و کارکردنی خەڵکانی بیانی لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری لەناو سایکۆلۆژیای خەڵک و دابونەریتەکانی کۆمەڵگە دروست بووە. بارودۆخ و شێوەی ژیانی خەڵک لەناو مۆدێرنیتە بەرەو ژیانێکی لەڕادەبەدەر خۆشگوزەران ( Luxury Lifestyle) ڕۆیشتووە و خەڵکیش بۆ دابینکردنی کەلوپەلە لووکسەکان پێویستیان بە پارەیەکی زۆر هەیە و بۆ دابینکردنیان دووچاری نیگەرانی دەبن. (welzel, 2007: 193-194) خەڵکی کوردستانیش ئێستا لەژێر کاریگەری مۆدێرنیتە و چاولێکردنی خەڵک لە یەکتر زیاتر هەوڵی کڕینی کەلوپەلە لوکس و گرانبەهاکان دەدات و زۆربەی خەڵکیش زۆر بە ئاسانی ناتوانن ئەو پارەیە دابین بکەن، ئەمەش جۆرە نیگەرانییەکی لەناو

سـایکۆلۆژیای خەڵـک دروسـتکردووە، بەڵام لە ڕابـردوو کە نۆڕمەکـانی مـۆدێرنیتە کـاریگەری کەمتریـان لەسـەر کـۆمەڵگەی کوردسـتان هەبـوو خەڵکیش زۆر نیگەرانی دابینکردنی کەلوپەلە گرانبەهاکان نەبووە.

بە بـڕوای دانیـڵ لێرنێـر گـۆڕینی شـێوەی ژیـانی دەوڵەتەکـانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست لەبەر گۆڕانکارییەکانی شێوەی ژیانی ڕۆژئـاوا لە دوای پەیـدابوونی مـۆدێرنیتە بـووە، لەبەر گـۆڕینی شـێوەی ژیـانیش لە هەرێمـی کوردسـتان هەنـدێک خەڵـک باوەڕیـان بە دابونەریتەکـان هەر مـاوەتەوە و لە دژی نۆڕمەکـانی مـۆدێرنیتەیە، بەڵام هەنـدێکیش بە شـێوەیەکی تەواو هەوڵـی ئەوە دەدەن تـاکو نـۆڕمە ڕۆژئاواییەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان بڵاوبکەنەوە و سـەر لە نـوێ کـۆمەڵگەیەکی نـوێ لە هەرێمی کوردستان لەسـەر بنەمـای نـۆڕمە ڕۆژئاواییەکان دروست بکەن. لێرەدا کێشە لەبەر ئەوە دروست دەبێت کە ئەو نۆڕمانە دوای تێپەڕبوونی چەنـد سـەدە لە ڕۆژئـاوا پەیـدا بـوونە، بەڵام هەنـدێک کەس دەیانەوێت بە چەنـد سـاڵ ئەو نۆڕمـانە (See: Lerner, 1958) وەک ڕۆژئـاوا لە هەرێمـی کوردسـتان بڵاوبـکەنەوە. ئەمەش جـۆرە دژایەتییەکـی لە نێـوان نۆڕمەکـانی مـۆدێرنیتە و دابونەریتەکـانی هەرێمـی کوردسـتان دروستکردووە. ئێستا پێویستە کە جۆرە پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان نۆڕمەکـانی مـۆدێرنیتە و دابونەریتەکـانی کوردسـتان دروسـت بکـرێتەوە تاکو پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە جیاتی دروستکردنی کێشـە بـۆ هەرێمـی کوردستان وەک باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ببێتە هۆکاری بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان.

## ٤_ کۆمەڵگەی مەدەنی

کومەڵگای مەدەنی کاریگەریی ئەرێنی لەسـەر گەشـەکردنی کۆمەڵگە، بڕیارەکانی حکومەت، پانتایی گشتی و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات هەیە تـاکو

تاکەکان بتوانن مافە مەشروعەکانی خۆیان لە کۆمەڵگە بە دەست بێنن (Morar, 2018: 83). بۆیە حکومەتە دیکتاتۆرییەکان هەوڵی دژایەتیکردنی بەهێزبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆنترۆڵکردنی دەدەن. (Buzogány, 2018: 188 _ 189) ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تێڕوانین، بەرژەوەندی، پێداویستی و داواکارییەکانی خەڵکانی مەدەنی دابین دەکەن، هەر چەند ئەو ڕێکخراوانە بەهێزتر بن زیاتر دەتوانن ئەرکەکانی جێبەجێ بکەن و دەرفەتی زیاتر بۆ خەڵک دەڕەخسێنن کە کاریگەرییان لەسەر بڕیارە سیاسییەکان هەبێت.

ڕێکخراوەکانی چالاکیی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن و بەو شێوەیە دەرفەت بە تاک دەدەن کە کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر زاڵبوونی کێشە گشتییەکان لەناو کۆمەڵگە هەبێت و تەنانەت دەتوانن کاریگەرییان لەسەر باشترکردنی کارەکانی دامودەزگا حکومییەکانیش هەبێت (پانتام، ١٣٨٠: ١٦٧). کۆمەڵگەی مەدەنی چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی ناحکومییان هەیە و زۆر بە ئاسانی ناتوانرێت ڕێگری لە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت و وەک ڕێکخراوەکانی ناوەند لە نێوان حکومەت و کۆمەڵگە کار دەکەن. لە ڕوانگەی یاساییەو دەرفەتی کار کردنیان هەیە و دامودەزگا حکومییەکان ناتوانن ڕێگری لە کار و چالاکییەکانیان بکەن، بۆیە حاڵەتی پلۆرالیستی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگە دروست دەکەن و کاریگەرییان لەسەر کرانەوەی کۆمەڵگەکان هەیە (Arato and Luhmann, 1994: 138-141). پارادۆکس لەناو کۆمەڵگەی مۆدێرن هەیە، نۆرمە ئەخلاقییە کۆنەکان لەناو پانتایی گشتی لە کۆمەڵگە دەکەونە ژێر گوشار و بەرەو لاوازبوون دەڕۆن، هەندێک لە نۆرمی نوێی ئەخلاقی لەناو کۆمەڵگە بڵاودەبنەوە. (Borgman, Brink and Dekker, 2016: 393 _ 394)

پێشتر وا وێنا دەکرا لەو کۆمەڵگایانەی کە کلتووری ئیسلامییان هەیە کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز دروست نابێت. پێش دەیەی نەود ئەو فکرە سەبارەت بە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاش هەبوو، بەڵام دوای ڕووخانی سیستەمی کۆمۆنیستی و گۆڕانکارییە سیاسی و ئیدارییەکان کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز لەناو هەندێک کۆمەڵگە پەیدابوو. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی دەوڵەتی عێراق بە گشتی ئەوە بووە کە زلهێزەکان لەبەر بەرژەوەندییەکانیان بە شێوەیەکی دەستکرد ئەو دەوڵەتەیان دروستکردووە و لە ڕێگای سەربازی هەوڵی سەرکوتکردن و کوشتنی خەڵکیان داوە تاکو ناسنامەیەکی عێراقی دروست بکەن. ئەمەش کاریگەریی لەسەر پانتایی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانیش دروستکردووە. بۆیە پێویستە کە سەر لە نوێ لە ڕێگای بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگەی کوردستانی بدرێتەوە تاکو ڕەنگدانەوەی شوێنەواری سەربازی و توندوتیژی کە لە سەرەتای دامەزراندنی عێراق تا ئەمڕۆ هەبووە لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان کەمتر بکرێت. لەبەرئەوەشە کە هەرێمی کوردستان بە پێی یاسا پاڵپشتی لە هەبوون و کار و چالاکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات و فەرمانگەیەکی تایبەتی دامەزراندووە بۆ ئەوەی کە پاڵپشتی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن، لەسەر بنەمای پرۆژەکان حکومەت یارمەتی ڕێکخراوەکان دەدات، بۆیە چەند هەزار ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان دروست بوونە. سەرەڕای ئەوەی کە زۆرێک لە ڕێکخراوەکان سەر بە حیزبەکانن، بەڵام لەبەرئەوەی کە هەرێمی کوردستان سیستەمی فرە حیزبی هەیە هیچ حیزبێک بە تەنیا ناتوانێت دەست بەسەر هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بگرێت و ئەمەش دەرفەتێکی گونجاوی بۆ کارکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروستکردووە کە لە بوارە جۆراجۆرەکانی، کۆمەڵایەتی، کلتووری، سیاسی و ئابووری لە کوردستان کار بکەن و کاریگەریی زۆریان لەسەر بڵاوکردنەوەی

نۆڕمەکـانی مـۆدێرنیتە لە هەرێمـی کوردسـتان لە بەرانـبەر دابـونەریتە سوننەتییەکان هەبووە.

**٥_ هەڵبژاردنەکان**

ئـازادیی هەڵبـژاردن لەنـاو پانتـایی مـۆدێرنیتە گرنگـی بە گەشـەکردنی کەسـایەتی تـاک و بەرپرسـیاریەتیی سیاسـی تاکەکـان لەنـاو کـۆمەڵگە دەدات، بەڵام لەنـاو ئەو کۆمەڵگەیـانەی کە زۆر گەشەیان نەکردووە زەمینەیەک دروست دەکات کە تاکەکان واز لە مافەکـانی خۆیـان بێـنن و بە دروسـتی هەسـت بە بەرپرسـیاریەتی نەکەن و دەرفەت بـۆ هەنـدێک خەڵـک دروسـت دەکـات کە کـار بـۆ بەرژەوەنـدییەکانیان بـکەن و کێشـە بـۆ دامودەزگـا فەرمیـیە حکومییەکـان دروسـت بـکەن. (مانهـایم، ١٣٩٤: ١٦-١٧) یەکێـک لە هۆکـارە سـەرەکییەکانیش ئەوەیە کە لە کـاتی هەڵبژاردنەکانـدا زۆر فـاکتەر کـاریگەریی لەسـەر دەنگـی دەنگـدەرەکان دروسـتدەکەن .(Menchik, 2018: 706)

هـانتینگتۆن بـاوەڕی بەوە هەبـوو کە هەڵبژاردنـی ئـازاد جەوهەری دیمۆکراسییە هەرچەندە ئەو کەسەی کە دەسەڵات وەردەگرێت کەسێکی بەتوانـا و گونجـاویش نەبێـت، چـونکە لە هەڵبژاردنێکـی تـر دەسـەڵات لەدەسـتدەدات، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنێکـی ئـازاد نەکرێت ئەو کەسـەی کە دەسەڵاتی لە دەستدایە ڕێگا نادات کە کەسێکی تر دەسەڵات وەربگرێت و ئەو کەسانەی کە هەوڵیش دەدەن دەسەڵات وەربگرن سەرکوتیان دەکات و تەنیا لە ڕێگای توندوتیژی و کوشتن دەسەڵات لەدەستدەدات، ئەمەش کێشـە بـۆ کـۆمەڵگە دروسـتدەکات. (See: Huntington, 1993) عەقڵانیەتیی سیاسیی هەر کۆمەڵگەیەک گرێدراوە بە بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو کۆمەڵگە کە کردەوەکانی ڕژێمە سیاسییەکان،

ئامـانجی سـەرۆکەکان، دەنگـدەرەکان، کـردەوە سیاسـییەکان، یاسـاکان، سەروەریی یاسا، یەکسانی، جۆری بیرکردنەوەی گەمەکەرە سیاسییەکان، ڕەفتاری زاڵ لەسەر حکومەت، پەیوەندیی دەسەڵات و خەڵک، نۆڕمەکانی یەکسـانی، ئـازادی، توندوتیژی، ئاشـتی، کۆکردنەوەی سـامان، گوێڕایەڵیی خەڵــک بــۆ یاســاکان، جێبەجێکردنــی یاســاکان لە لایەن هاوڵاتییــان لەخۆدەگرێت. (Brown, 2015: 116–118)

هەرێمــی کوردســتان لە دوای ١٩٩٢ دەرفەتــی بــۆ پەیــدابوو کە بە شـێوەیەکی ئـازاد هەڵبژاردنـی تێـدا ئەنجـام بـدرێت و خەڵـک بە حەز و ئارەزووی خۆیان دەنگ بدەن. هەرچەندە کە هەڵبژاردنەکان کەموکورتی زۆریـان هەبـووە، بەڵام لە هەمـان کـاتیش کـاریگەریی زۆر ئەرێنـی لەسـەر گۆڕانکارییەکـانی پانتـایی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتان دروسـتکردووە. هەڵبــژاردن لە کوردســتان وەک ســەرچاوەیەکی ســەرەکیی ڕەوایەتــی لێهـاتووە کە لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆیی و دەرەکـی بۆ کوردسـتان گرنگیـی زۆری هەیە. هەڵبژاردنەکـانی هەرێمــی کوردســتان لەبەرئەوە گــرنگن کە دەرفەت بە هەمــوو لایەنە سیاســییەکان دەدرێــت تــاکو بەشــداری لە پرۆســەی هەڵبــژاردن بــکەن و کــاریگەریی لەســەر ئەوە هەبــووە کە کابینەکانی حکومەت لە چەند حیزبێکی گەورە پێکبێن، بەڵام هەڵبژاردنەکان لە هەرێمـی کوردسـتان ئەو کێشـەیان هەیە کە بەشـێکی زۆر لە خەڵـک لە کاتی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای شایستەسالاری دەنگ نادەن، بەڵکو لەسەر بنەمای دابونەریتەکان دەنگ بە پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردن دەدەن، ئەمەش کــاریگەریی لەســەر ئەوە کــردووە کە هەڵبژاردنەکــان پانتــاییەک بــۆ گەڕانەوەی کوردسـتان بۆ قۆنـاغی سـوننەتی دروسـت بکەن و بەشـداری خەڵک لە پرۆسەی سیاسی بە شێوەیەکی بەشداری/گوێڕایەڵی بێت.

## بەشی سێیەم: پارادۆکسەکانی سوننەت- مۆدێرنیتە و ئەتمۆسفێری سیاسیی هەرێمی کوردستان

دژایەتی کە لە نێوان دابونەریتە سوننەتییەکانی هەرێمی کوردستان و نۆرمەکانی مۆدێرنیتە دروست بووە، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پانتایی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروستکردووە، پێویستە هەوڵبدرێت کە تێگەیشتنی دروستمان لەسەر ئەو بابەتە هەبێت، تاکو بە شێوەیەک کار بکرێت کە جۆرە حاڵەتێک لە نێوانیان دروست بکرێت کە دابونەریتە سوننەتییەکان و نۆرمەکانی مۆدێرنیتە وەک تەواوکەری یەکتر کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر گەشەکردنی هەرێمی کوردستان هەبێت.

### ١_ ئیدارەکردنی دامودەزگا ئۆرگانیکییەکانی بە عەقڵیەتیی میکانیکی

پێویستە کە گرنگی زۆر بە دابونەریتە سیاسییەکان بدرێت. بزانرێت کە ڕەفتارە سیاسییەکانی خەڵک بە چ شێوەیەکە؟ دەنگدانی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان لەسەر چ بنەمایەکە؟ ناڕازیبوونی خەڵک لەسەر چییە؟ تێگەیشتن لە دابونەریتە سیاسییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێگەیشتنێکی دروستمان لە سیاسەت هەبێت. پێویستە ئەمە لەبەرچاوبگیرێت کە دابونەریتە کۆن و نوێکان لەگەڵ یەکتر جیاوازییان هەیە. پەیوەندیی دابونەریتە سوننەتییەکان و نۆرمەکانی مۆدێرن بە چ شێوەیەکە؟ ئەو دابونەریتانەی کە لە ڕابردوو قبوڵکراون بەڵام ئێستا لەبەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە قبوڵ ناکرێن. گۆڕانکاری لە دابونەریتە سیاسییەکان کاریگەریی زۆریان لەسەر سیستەمی سیاسیی دەوڵەتان هەیە. هەندێک لە دابونەریتە کۆن سیاسییەکان بەرگریکردنیان لە بەرانبەر نۆرمەکانی مۆدێرن زیاترە (Halman, 2007: 311). لە کۆمەڵگەکانی سوننەتی مەشروعیەتی فەرمانڕەوا لەوەدایە کە بە شێوەیەکی بۆماوەیی لەژێر کاریگەریی دابونەریتەکان پۆستەکانیان بە دەستهێنابێت، بەڵام لەناو

سیســـتەمە دیمۆکراســـییەکان فەرمـــانڕەوا لە ڕێگـــای ململانێکـــردن لە هەڵبژاردنەکان لە چوارچێوەی یاسای دەسەڵات بەدەستدەگرێت. (بینگهام و الموند، ١٣٧٥: ٢٧) دەوڵەت- نیشتمان لەناو پرۆسەی مۆدێرنیتە لە دایکبووە، هەندێک سیمای تایبەت بە خۆی هەیە، (Lauzon, 2011: 78) بەڵام لە کۆمەڵگە سوننەتییەکانیش دەوڵەت- نیشتمان پەیدابووە کە گرووپە کۆمەڵایەتییە سوننەتییەکان و دابونەریتەکان کاریگەرییان لەسەر ئیدارەکردنیان هەیە. (Forster and Koechlin, 2018: 233) دورکهایم کۆمەڵگە لەسەر بنەمای پەیوەندییەکان دابەشی دوو دەستە دەکات: پەیوەندییە میکانیکییەکان و ئۆرگانیکییەکان، پەیوەندییە میکانیکییەکان لەو کۆمەڵگەیانەی کە لە قۆناغی سەرتایی و سوننەتیدانە و لەژێر کاریگەریی دابونەریتەکان ئیدارە دەکرێن بوونی هەیە، ئەو جۆرە پەیوەندییە لەسەر بنەمای عەشیرەتی، خزمایەتی و دۆستایەتییە، بەڵام بەپێی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە پەیوەندییە ئۆرگانیکییەکان دروست دەبن کە لەسەر بنەمای دامودەزگا مەدەنییەکان دەستکردە و خەڵک بە ویست و ئارەزوویان دەبنە ئەندامی ئەم گرووپانە (See: Durkheim, 1984).

دروست بوونی ڕەوایەتی لەناو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای کلتووری نوێ و کۆن بووە. تێڕوانینی سوننەتی بۆ حوکمرانی، سەروەری و ڕەوایەتی کێشەی بۆ گەشەکردنی هەرێمی کوردستان دروستکردووە، هەر چەندە نوێبوونەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی باردۆخێکی گونجاوی بۆ گەشەکردن دروستکردووە، بەڵام دابونەریتە سوننەتییەکان بە شێوەیەکی نەگونجاو کاریگەرییان لەسەر ئەوە دروستکردوە کە دامودەزگاکان کارایی پێویستیان نەبێت. حکومەتی هەڵبژێردراو لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، پەرلەمان لە دانانی یاساکان و کارکردنی حیزبەکان وەک کۆمەڵگەکانی پێشکەوتوو نەبێت (سیونگ یو، ١٣٧٧: ١٨١- ١٨٢)، چونکە لەو هەڵبژاردنانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەکرێت حیزبەکان بەشێکی زۆر لە پاڵێوراوەکانیان لەسەر بنەمای

عەشایری و ئاینی دادەنێن و تەنانەت بەشێکی زۆریش لە خەڵک لەسەر بنەمای عەشیرەتی دەنگەکانیان دەدەن بێ ئەوەی گرنگی بە توانایی و لێهاتوویی کەسەکان بدرێت. ئەو کەسانەش کە لەسەر ئەو بنەمایە دەنگیان بەدەستهێناوە و بووینە ئەندام پەرلەمان یان لە حکومەت پۆستی باڵایان وەرگرتووە هەر لەسەر ئەو عەقڵییەتەش کە لەژێر کاریگەریی تیۆری دورکهایم پێی دەڵێین عەقڵیەتی میکانیکی ئیدارەی دامودەزگا ئۆرگانیکییەکان دەکەن. بۆیە کاتێک کە گۆڕانکاری لە بەرپرسەکانی بەشێکی زۆری دامودەزگا ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت کاریگەریی زۆری لەسەر ئەنجامدانی کارەکانی دامودەزگاکان کردووە، چونکە لە جیاتی ئەوەی دامودەزگاکان بە شێوەیەکی سیستەمی و عەقڵیەتی ئۆرگانیکی ئیدارە بکرێن، زیاتر لەسەر میزاجی کەسی و عەقڵیەتی میکانیکی ئیدارە دەکرێن. ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سەرمایەی مرۆیی هەرێمی کوردستان، کە پێویستە حیزبەکان گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکانیان بۆ دانانی کاندیدەکانی هەڵبژاردن یان دانانی بەرپرسەکان لە پۆستە باڵاکانی حکومی بکەن.

### ٢_ دروستبوونی حاڵەتی ئانۆمی لەناو پانتایی سیاسی

پرۆسەی مۆدێرنیتە جیهانی سوننەتی، کە ژیان تیایدا مانایەکی تایبەتی هەیە، دەڕووخێنیت، پەیوەندییە بەهێزەکانی بەکۆمەڵ و هاوبەش لە نێوان خەڵک لە سەر بنەمای سەرکەوتنی تاکەکان، جێگای خۆی بە ڕکابەری و ململانێ دەدات (مکی و ملکی، ١٣٨٦: ١٠٣). لوسین پای باوەڕی بەوە هەبوو کە لەناو کۆمەڵگەکان دابونەریتە سوننەتییەکان لە بەرانبەر هێزە سیاسییەکان و ئابووریی نوێ بە توندی ڕادەوستن. لەناو مۆدێرنیتە سنووری پانتاییەکانی جیاوازی بڕیاردەر بە فەرمی ناسراون، بەڵام لەناو قۆناغی سوننەتی پانتاییەکانی جیاوازیی ژیانی سیاسی

سنورەکانیان پێناسەیان بۆ نەکراوە ( سیونگ یو، ۱۳۷۷: ۱۸٦ ). لە قۆناغی گواستنەوەی کۆمەڵگە لە سوننەت بۆ مۆدێرن پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی و بەدواداچوون بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان لە ڕێگای ئەندامبوونی خەڵک لە ڕێکخراوەکان و گرووپە مەدەنییەکان دەبێت و ئەو خەڵکانە خزم و دۆستی یەکتر نین و متمانەی کەمیان بە یەکتری هەیە ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئەوە دروستدەکات کە لەناو کۆمەڵگە متمانەی سیاسی لاواز ببێت و ناسەقامگیریی سیاسی و قەیران لەناو کۆمەڵگە زیاتر ببێت. (غفوری و جعفری، ۱۳۸۷: ۲۳۲)

لەسەر بنەمای تیوری دورکهایم لە پەیوەندییە میکانیکییەکانی خەڵک لەسەر بنەمای خزمایەتی و عەشیرەتی یەکپارچەبوونی کۆمەڵایەتی دەپارێزن و دابونەریتە سوننەتییەکانش توندوتیژییەکانی ناو گرووپەکان و کۆمەڵگە سنووردار دەکەن. خەڵک بۆ ئەوەی کە دیسپلین لە کۆمەڵگە لەناو نەچێت زۆر لە هیوایەتەکانی خۆیان سەرکوت دەکەن، خەڵکانی هەژاریش بارودۆخەکەیان قبوڵ دەکەن چونکە وا وێنا دەکەن کە خوا هەر ئەوندە ڕزقی پێداون و ڕزقێکی زیاتریشی بە دەوڵەمەندەکان داوە لەبەر ئەوە بێدەنگ دەبن. (اینگلهارت و ولزل، ۱۳۹٤: ٦٦) لە پەیوەندییە ئۆرگانیکییەکانی کۆمەڵگە زیاتر لەژێر کاریگەریی نۆرمەکانی مۆدێرنیتە و دامودەزگا دەستکردە مەدەنییەکاندایە. لە ڕوانگەی دورکهایم بەپێی گۆڕانکارییەکان کۆمەڵگە لە قۆناغی پەیوەندییە میکانیکییەکان بەرەو قۆناغی پەیوەندییە ئۆرگانیکییەکان تێپەڕ دەبێت، بەو ئەندازەیەش کە کۆمەڵگە لە قۆناغی میکانیکی بەرەو ئۆرگانیکی تێپەڕ بووە، بەو ئەندازەیە کۆمەڵگە لە دابونەریتە سوننەتییەکان دوور دەبێتەوە و کاریگەریی دابونەریتەکان لەسەر کۆمەڵگە کەمتر دەبێت، کاتێک کە کۆمەڵگە دەچێتە قۆناغی مام ناوەندی پەیوەندییە میکانیکی و ئۆرگانیکییەکان ئەو کات حاڵەتی پەرێشانی و ئانۆمی لەناو کومەڵگە دروست دەبێت، چونکە کۆمەڵگە نە بەپێی دابونەریتەکان و نە بەپێی یاساکان ئیدارە دەدرێت.

(See: Durkheim, 1984) بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە پێویستە کە گرنگی بە چالاککردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێت تاکو ئەو فەراغەی کە لەبەر کەمتر بوونی مەشروعیەتی عەشیرەت، خزمایەتی و دۆستایەتی لەناو کۆمەڵگە دروست بووە لە ڕێگای ئەوان پڕ بکرێتەوە، تاکو کاریگەریی نەرێنییان لەسەر کۆمەڵگە نەبێت و بە شێوەیەکی دروست پەیوەندییە ئۆرگانیکییەکان لە کۆمەڵگە جێگیر بکرێن.

گەشەکردنی خێرای تەکنۆلۆژیا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گەنجەکان کردووە کە خوێندنەوە و تێڕوانینی جیاوازیان لە خەڵکانی بە تەمەنتر لە کۆمەڵگەی کوردستانی هەبێت. زۆربەی گەنجەکان بە شێوەی جۆراجۆر لەگەڵ کلتوورێکی بەهێزی دەرەوە پەیوەندییان هەیە و نۆڕمەکانی مۆدێرنیتە زیاتر کاریگەرییان لەسەر دەکەن و هیچ لایەنێکیش ناتوانێت ڕێگری لێ بکات. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیش کە حاڵەتی ئانۆمی یا پەرێشانی لە کوردستان دروست کردووە ئەوەیە کە لە جیاتی هەوڵی تێکەڵکردنی نۆڕمە ئیجابییەکانی مۆدێرنیتە، کە هاتوونەتە ناو کۆمەڵگەی کوردستان، و دابونەریتە سوننەتییەکانی کوردستان بدرێت، هەوڵی وەرگرتنی نۆڕمەکانی مۆدێرنیتە بە شێوەیەکی تەواو یان هەوڵی ڕەتکردنەوەی هەموو نۆڕمەکانی مۆدێرنیتە دەدرێت.

دژایەتی سوننەت و مۆدێرنیتە لەناو پانتایی سیاسی و دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە مۆدێرنیتە کاریگەریی لەسەر ئەوە دەکات کە لەناو پانتایی سیاسی خەڵکانێکی چالاک لەسەر بنەمای نۆڕمەکانی مۆدێرنیتە پەیدابن، بەڵام دابونەریتە سوننەتییەکان دەیەوێت پانتایی سیاسی و دەسەڵات لە کوردستان لەژێر کاریگەری عەشیرەت، شێخەکان، ئاغاکان، خزمایەتی و دۆستایەتی دابێت. لەبەر ئەم دیالێکتیکە، ئەو

کەسانەی کە لەژێر کاریگەریی دابونەریتە سوننەتییەکان و نۆڕمەکانی مۆدێرنیتەدان، هیچ متمانەیان بە یەکتری نییە و بە ڕەشبینی سەیری یەکتر دەکەن. ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئەوە دروست کردووە کە گرنگی بە دانانی خەڵکانی شایستە بۆ ئیدارەکردنی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەدرێت. بەپێی ئەو بارودۆخە ئێستا دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان نە بە تەواوەتی بەپێی دابونەریتە سوننەتییەکان و نە لەسەر بنەمای یاساکان ئیدارە دەکرێن، ئەمەش حاڵەتێکی ئانۆمی و پەرێشانی لەناو کۆمەڵگەی کوردستان دروستکردووە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان هەیە. پێویستە ئێستا لە هەرێمی کوردستان کار لەسەر ئەوە بکرێت کە بە چ شێوەیەک هاوسەنگی لە نێوان دابونەریتە سوننەتییەکان و نۆڕمەکانی مۆدێرنیتە دروست بکرێت تاکو ئەم دووانە لە جیاتی دژایەتیکردن لەگەڵ یەکتر وەک تەواوکەری یەکتر بۆ بەهێزترکردنی هەرێمی کوردستان کار بکەن. زۆر پێویستە کە متمانە و هاوکاری لەنێوان لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتر هەبێت و حیزبەکانیش خەڵکانی شایستە و بە توانا بۆ پۆستە باڵاکان دابنێن تاکو هەرێمی کوردستان بتوانێت لە حاڵەتی ئانۆمی و پەرێشانی دەربچێت.

## ٣_ تێگەیشتنی هەڵە لە چەمکە سیاسییەکان

گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان و گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی نۆڕمە سەرەکییەکانی سیاسەت دروستکردووە. سەرەڕای ئەوە بە گشتی نەوەی گەنج زیاتر لە نەوەی کۆن دەرفەتی خوێندنی بەرزتریان هەیە، بۆیە بە شێوەیەکی چالاکتر لە ڕابردوو دەتوانن لەناو پرۆسەی سیاسی بەشداری بکەن (اینگلهارت، ١٣٩٥: ٢). تێگەیشتن لە چەمکە گرنگە سیاسییەکان لە زهنیەتی هەر تاکێک لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر تەنانەت لە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاواش

لەگەڵ یەکتـر جیاوازییـان هەیە (اینگلهـارت و ولـزل، ١٣٩٤: ١٢). چـونکە گۆڕانکارییەکـان لەسـەر ئاسـتی جیهـانی بە شـێوەیەکی زۆر خێـرا ڕوودەدەن. کۆمەڵگەی کوردسـتان بە شـێوەیەکی خێـرا ناتوانێـت بـۆ ئەو گۆڕانکارییانە خـۆی ئامـادە بکات، بۆیە ئێمە تێگەیشـتنێکی دروسـتمان بۆ ئەو چەمکـانە و دامودەزگایـانەی کە لەنـاو پانتـایی مـۆدێرنیتە لەدایکبـوونە نییە.

سیاسـەت لە هەرێمـی کوردسـتان کـاریگەریی لەسـەر بـارودۆخی ئـابووری، بژێـوی ژیـانی هاوڵاتییـان، ئاسـایش و سـەقامگیری دروسـتکردووە، لەبەرئەوە زۆربەی هاوڵاتییـانی هەرێمـی کوردسـتان چـاودێری کاروبـاری سیاسـی دەکەن. هەر لایەنێک بۆ بەرژەوەندییەکانی خـۆی خوێندنەوەی بۆ چەمکەکـان و دامودەزگاکـانی سیسـتەمی سیاسـیی هەرێمـی کوردسـتان کـردووە. ڕۆشـنبیرەکان و زانکۆکـانی کوردسـتانیش نەیـانتوانیوە کە هـزر بەرهەمبێـنن، بەڵکـو بە شـێوەیەکی گشـتی هەوڵـی هێنانی هزر و ئایدۆلۆژیای دەرەکییـان داوە، بۆیە لە هەرێمـی کوردسـتان تێگەیشـتنێکی دروسـت بـۆ چەمـکە گرنگەکـانی فەلسـەفی سیاسـی وەک تاکگەرایی، ئازادی، لیبـووردەیی، سـیکیۆلاریزم، دادپەروەری، دیمۆکراسـی، دەسـەڵات، ئۆپۆزیسیۆن، حیزب و چەمکەکانی تر نییە.

تاکگەرایی لە کوردستان وەک حاڵەتی خۆپەرستی پێناسـەی بۆکراوە، بەڵام حـاڵەتی خۆپەرسـتی لەگەڵ حـاڵەتی تـاکگەرایی جیـاوازی هەیە، لە حاڵەتی خۆپەرسـتی تـاک تەنیـا بیـر لە بەرژەوەندییەکانی دەکاتەوە بەبـێ ئەوەی کە گرنگـی بە بەرژەوەنـدییە گشـتییەکان یـا گـروپەکەی بـدات، تەنانەت زۆرجـار ئەگەر بەرژەوەندییەکانی ئەو کێشـەش بۆ بەرژەوەندیی گشتی دروسـت بکـات تـاک هەر هەوڵـی بە دەسـتهێنانی بەرژەوەندییەکانی دەدات. لە تاکگەرایی تاک دەزانێت کە بە تەنیا ناتوانێت بەرژەوەندییەکانی خـۆی بەدەسـتبێنێت، بەڵام بە هاوکـاریکردن و کـارکردن لەنـاو گـرووپ

دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی بەدەستبێنێت، بۆیە هەوڵی کارکردن لەناو گرووپ دەدات (Wagner, 1995: 153-154).

خەڵک، ئازادی پانتایی تایبەتی و پانتایی گشتی لە هەرێمی کوردستان بە دروستی لە یەکتر جیاناکەنەوە، زۆرجار هاوڵاتییان دەستێوەردان لەناو کاروباری تایبەتی یەکتر دەکەن، ڕێگا نادەن کە تاک کەڵک لە ئازادییەکانی وەرگرێت. تاکەکان دەبێت ئەو پانتاییەی کە بۆ کەڵک وەرگرتنی ئازادی هەر تاکێک دیاریکراوە دەستێوەردانی تێدا نەکەن. ئازادی یەکێکە لە مافە سەرەکییەکانی هەر تاکێک، کە هەر کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی تایبەتی خۆی بۆ تاکەکانی دیاردەکات، ئەو ئازادییەش پێویستە کە بەپێی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە گۆڕانکاییان تێدا بکرێت.

لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە تێگەیشتن بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لێبووردەیی و یەکتر قبوڵکردن نەکراوە، زۆرجار بە مانای سازش یا تەنازولکردن تێگەیشتنی بۆ کراوە، بۆیە هەندێک جار تاکەکان هەوڵی دژایەتی و ڕەتکردنەوەی یەکتریان داوە. لێبووردەیی و تۆلێرانس پەیوەندی بە زانستی ئەخلاق هەیە کە مرۆڤ لەژێر پابەندییە ئەخلاقییەکان دادەنێت کە ئەرکەکانی ئەنجام بدات، بۆ نموونە من وەکو ئەندامێک لە کۆمەڵگە ئەو ئەرکەم هەیە کە بیروباوەڕەکانی دژی خۆم قبوڵ بکەم یا خەڵکانێکی کە ئاینەکانیان لەگەڵ من جیاوازە نابێت لەناو کاروباریان دەستوەردان بکەم. بە گشتی ئێمە نابێت لەناو بیروباوەڕی خەڵکانی تر دەستێوەردان بکەین، ئەمە ئیلتیزامێکی ئەخلاقیی ئێمەیە کە پێیەوە پابەند بین. لێرەدا نیشان دەدرێت کە ڕەفتاری ئێمە لەسەر بنەمای تۆلێرانس بووە بەو شێوەیە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە دەرفەتی ئەوەیان دەبێت کە کەلک لە ئازادیی خۆیان وەرگرن.

سیکۆلاریزم لە کوردستان بە مانای دژی ئاین پێناسەی بۆ کراوە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەقینە سیکۆلاریزم بە مانای دژایەتیکردنی ئاین نییە، مانای ئەوەیە کە نابێت ئاین دەستێوەردان لەناو کاروباری سیاسەت بکات، مانای ڕاستەقینەکەی ئەوەیە کە نابێت هیچ کەس یا لایەنێک ئاین وەک ئامرازێک بۆ بەرژەوەندییەکانیان بەکاربێنن، یا ئەگەری هەیە کە لەناو پرۆسەی سیاسی سیاسەتمەداران هەڵە بکەن، نابێت ئاین شەریکی ئەو هەڵانە بێت، تاکو لە ڕوانگەی ڕوحییەوە هیچ جۆرە کێشەیەک بۆ هاوڵاتییان دروست نەبێت.

دادپەروەری یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی فەلسەفەی سیاسی و لە هەرێمی کوردستان خەڵک زۆر ڕەخنە لەوە دەگرن کە دادپەروەری نییە. هەر چەند کە لەناو فەلسەفەی سیاسی یەک جۆری تێگەیشتن بۆ دادپەروەری نییە و هەر فەلسەفەیەکی سیاسی پێناسەیەکی تایبەتی بۆ دادپەروەری کردووە، لەناو پانتایی مۆدێرنیتە کۆمەڵگەکان هەوڵیانداوە لەسەر بنەمای بیروباوەڕەکانیان کۆدەنگییەک لە دادپەروەری دروست بکەن و لەسەر ئەو بنەمایە یاساکانی کۆمەڵگەکانیان دابنێن تاکو دادپەروەری لەناو کۆمەڵگە بەرقەرار بکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان کۆدەنگی بۆ دادپەروەری دروست نەبووە تاکو یاساکانی لەسەر دابنرێت و زۆربەی هاوڵاتییان هەست بکەن کە دادپەروەری لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمەش کێشەیەکی سەرەکی بۆ سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروستکردووە.

حیزب لە کوردستان وەک دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئیدارەکردنی کۆمەڵگە لەدایکنەبووە، بەڵکو لە پانتایی تایبەتی کوردستان لە سەدەی بیستەم بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد لەدایکبووە و لە ڕێگای خەباتی پێشمەرگایەتی و ئاسایش بە خوێنی هەزاران شەهید توانیان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکەن، بەڵام تاکو ئێستا بەشێک لە

هێزەکانی ئاسایش و سەربازی لەژێر دەستی حیزبەکاندایە و متمانەی زیاتریان بۆ حیزب لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، لەبەرئەوە بوو کە ڕووداوی ١٦ ئۆکتۆبری ٢٠١٧ لە کەرکوک ڕوویدا. ئێستا پێویستە کە هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە بە شێوەیەکی دامەزراوەیی ڕاستەقینە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابێت تاکو کێشە بۆ سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروست نەکرێت.

دیموکراسی لە کوردستان بەو شێوەیە پێناسەی بۆ دەکرێت کە لە هەڵبژاردن هەر لایەنێک چەند کورسی بەدەستهێنا بەو ڕێژەیە دەبێت لە پێکهێنانی کابینەی حکومەت پۆستی وەزیر و پلە تایبەتەکانی پێبدرێت. سەرەڕای ئەوەش ئەم تێگەیشتنەش دروستبووە کە بەبێ ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی کابینەی حکومەت پێکناهێنرێت و سیستەمی دوو ئیدارەی لە کوردستان دروست دەکرێت. ئەمەش تێگەیشتنێکی هەڵەی بۆ پرۆسەی دیمۆکراسی لە کوردستان دروستکردووە. بە شێوەیەکی گشتی لەناو سیستەمە دیموکراسییەکان هەر لایەنێک بتوانێت زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبێنێت و پەنجا کۆ یەکی دەنگەکان (٥٠+١) مسۆگەر بکات دەتوانێت حکومەت پێکبێنێت. بەشێکی زۆر لە حیزبەکانیش لە کوردستان ئەوەیان لەناو ڕای گشتی بڵاوکردووتەوە کە تەنیا سیستەمی پەرلەمانی دیموکراسی لە کۆمەڵگەکان بەرقەرار دەکات، سیستەمەکانی تر دیکتاتۆری لە کۆمەڵگە دروست دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەیە کە بۆ خەڵکیان دروستکردووە. ئەمریکا سیستەمی سەرۆکایەتی، فەرەنسا نیمچە سەرۆکایەتی، دەوڵەتەکانی سکاندیناڤی پاشایەتی و بەریتانیا سیستەمی پاشایەتی هەیە، بەڵام هەموو ئەو دەوڵەتانە سیستەمی دیموکراسییان هەیە.

لە هەرێمی کوردستان خوێندنەوەی هەڵە بۆ دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن دەکرێت، هەر دوو لا وەک دوژمن سەیری یەکتر دەکەن، لە

ڕوانگەی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان هەر کارێک کە دەسەڵات دەکات کارێکی خراپە و هەر ڕەخنەیەکی کە ئەوان دەیگرن دروستە، یان بە پێچەوانەوە حیزبەکانی دەسەڵات باوەڕیان بەوە هەیە کە هەر کارێکی ئەوان دەکەن دروستە و نابێت هیچ لایەنێک ڕەخنەیان لێ بگرێت، لەبەر ئەو عەقلیەتە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات کەمتر دەتوانن هاوکاری یەکتر بکەن و ئەمەش کێشەیەکی گەورەی بۆ سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروستکردووە.

## ٤_ دروستبوونی ناسنامەی جۆراوجۆر

ناسنامە شتێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی بەردەوام بەپێی گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگە گۆڕانکارییان بەسەر دێت. ناسنامە بۆ دۆزینەوە و ناساندنی خۆمان و هێڵێک لە نێوان خۆمان و خەڵکانی تر دروست دەکات (Mukazhanova, 2013: 267). ئایدۆلۆژیاکانی مۆدێرنیتە ناسنامەی جۆراجۆریان لەناو کۆمەڵگەکان دروستکردووە. باسەکانی ئازادی، بەشداری سیاسیی خەڵک، مافە مەدەنییەکان، ڕەگەزەکان، ئەتنیکەکان و ئاین، ناسنامەی جیاوازیان لەناو کۆمەڵگەکان دروستکردووە و وەفاداریی هاوڵاتییانی بۆ نەتەوەیەکی گشتیی یەکگرتوو لەناو کۆمەڵگەکان دووچاری کێشە کردووە (Steger, 2013: 221).

لە هەرێمی کوردستان لێکترازانە کۆمەڵایەتییەکان کە لەبەر دیالێکتیکی سوننەت و مۆدێرنیتە دروستبوونە کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ناسنامەی جۆراجۆر کردووە و کێشەیان بۆ ناسنامەی نەتەوەیی دروستکردووە، خەڵک لە جیاتی ئەوەی گرنگی بە ناسنامەی نەتەوەیی بدەن، گرنگی بە ناسنامەکانی تر دەدەن بۆیە پێویستە کە کۆمەڵگەی کوردستان بە شێوەیەکی نوێ خوێندنەوە بۆ ناسنامەی

نەتەوەیی بکاتەوە و دیار بکات ئەو ناسنامەیە دەتوانێت چ بە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بدات، تاکو یەکڕیزی لەناو گوتاری کوردستانی دروست بکرێت.

پەیوەندی لە نێوان ناسیۆنالیزم و ئاین هەیە، ناسیۆنالیزم و ئاین تێکەڵی یەکتر دەکرێن و ئاین بۆتە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزم (Menchik, 2018: 706). لە هەرێمی کوردستانیش خەڵکانێکی زۆر خۆیان بە ناسنامەی ئاینی دەناسێنن وەک ئێزدی، کاکەیی، شەبەک و فەیلی، ئەوانە لەبەر ئەو ناسنامە ئاینییە زۆرجار دووچاری کێشە بوونە، ئەوان کوردە ڕەسەنەکانن و خەڵکانێکی زۆری ئەوانیش لە ڕوانگەی نەتەوەیی باوەڕیان بەوە هەیە کە کوردن، بەڵام چەند سەد هەزار کوردی فەیلی لە بەغدا هەن کە لە کاتی هەڵبژاردنەکان زۆربەیان دەنگ بە لیستە کوردییەکان نادەن، بەڵکو زیاتر دەنگ بە لیستە عەرەبییە شیعەکان دەدەن. لە کوردستان حیزبیش وەک ناسنامەی لێهاتووە، خەڵک لە جیاتی ئەوەی کە سەیری حیزب بکەن وەک دامەزراوەیەک بۆ ئەنجامدانی کارە سیاسییەکان، زیاتر وەک ناسنامە سەیری دەکەن، لە جیاتی ئەوەی حیزب بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی بەکاربێنن، بە پێچەوانەوە زۆرجار حیزبەکان بەرژەوەندییە نەتەوییەکان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکاردێنن. عەشیرەت لە هەرێمی کوردستان ناسنامەی بۆ بەشێکی زۆری خەڵک دروستکردووە، لە جیاتی ئەوەی گرنگیی زیاتر بە ناسنامەی نەتەوەیی بدەن، گرنگی بە ناسنامەی عەشیرەتی دەدەن. ناسنامەی وردتریش لەناو کۆمەڵگەی کوردستان دروستبووە کە کاریگەریی نەرێنیان لەسەر ناسنامەی کوردستانی دروستکردووە.

**٥_ دروستبوونی پۆپۆلیزمی سیاسی**

پۆپـۆلیزم نیشـانەی نەخۆشـی سـەرمایەدارییە کە لە دوای قەیرانـی دارایـی جیهـانی ٢٠٠٨ بڵاوبـووەتەوە و شـەپۆلەکانی کـاریگەریی نەرێنـی لەسـەر زۆر لە دەوڵەتەکانی جیهان دروستکردووە. ئەمەش بـارودۆخێکی دروســـتکردووە کە ســـەرکردەکان بـــۆ ئەوەی متمـــانەی ڕای گشـــتیی هاوڵاتییان بەدەستبێنن باس لە قەیرانەکان و کێشـە ئـابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسـییەکان دەکەن، تـاکو ئەو خەڵکـانەی کە لەبەر قەیـرانە ئـابووری، کومەڵایەتی و سیاسییەکان بارودۆخێکی خراپیان هەیە دەنگیان پێبدەن.

برینگتۆن مۆر باوەڕی بەوە هەبوو کە مۆدێرنیتە هەمـوو کـات خەڵـک بەرەو قۆناغی دیموکراسی دەرباز ناکات، بەڵکو زۆرجار کۆمەڵگە پەنـا بـۆ ڕێگــای جیــاواز دەبــات کە خەڵکــی ئاســایی بــکەونە ژێــر دەســەڵاتی سیاســەتمەدارەکان و خەڵــک بــۆ بەرژەوەنــدییەکانیان مۆبــالیزە بــکەن (اینگلهارت و ولزل، ١٣٩٤: ٤٧). ئازادی و دەسـەڵاتداری لەنـاو سـوننەت و مـۆدێرنیتە جیاوازییـان هەیە لە قۆنـاغی سـوننەتی مرۆڤ زیـاتر گرنگی بە دەســەڵاتداری دەدات، بەڵام قۆنـاغی مـۆدێرنیتە مـرۆڤ زیـاتر گرنگـی بە ئــازادی دەدات (سـیونگ، ١٣٧٧: ١٨٧). لە قۆنـاغی گواسـتنەوەدا حـاڵەتی ناوەنـدایەتی و گـوێڕایەڵیی خەڵـک و دروسـتبوونی دیسـپلین تەنیـا لەسـەر بنەمـای متمـانە نیـیە، بەڵکـو لەبەر تـرس و تۆقانـدن دەبێـت. لەو حـاڵەتەدا خەڵک وا وێنـا دەکـات کە حکومەت دەبێت هەمـوو کارەکان ئەنجـام بـدات (ربانی و شایگان، ١٣٨٩: ١٣٠).

ڕێزگـرتن لە دەسـەڵات بەرەو کەمتربـوون دەڕوات و بەشـداریکردنی خەڵکـانی ئاسـایی لە هەڵبژاردنەکـان تایبەتمەنـدییەکی تـازەی وەرگرتـووە (اینگلهارت و ولزل، ١٣٩٤: ٧٥). لەنـاو ئەو دەوڵەتـانە گۆڕانکاری گەورە لە نـۆڕمە گشـتییەکانی خەڵـک ڕوودەدات بـۆ ئەوەی خەڵـک بە شـێوەیەک بـۆ

دابـونەریتە سـوننەتییەکان بگەڕێـنەوە (اینگلهـارت و ولـزل، ١٣٩٤: ١٦). مۆدێرنیزاسـیۆن مەشـروعیەتی سـوننەتی لاواز دەکـات و سـەر لە نـوێ دەسـەڵات و مەشـروعیەت دروسـت دەکـاتەوە (senturk, 2013: 46). ئەزموونی ئەو دەوڵەتانەی کە لە قۆنـاغی گەشـەکردندان ئەوە نیشـاندەدات کە بە دروسـتکردنی دامودەزگـا سیاسـییەکان بەبـێ تێـڕوانین و نـۆڕمە دیمۆکراتییەکـان سیسـتەمی سیاسـی بەرەو قۆنـاغی دیکتـاتۆری دەبـات (سـیونگ یـو، ١٣٧٧: ١٨٤). ئەگەر دیموکراسـی بە شـێوەیەکی تەواو لەنـاو کۆمەڵگە جێگر نەکرێت، بەشداریی خەڵک لە پرۆسـەی سیاسـی زیـاتر بە شـێوەی مۆبـالیزەکراو لە لایەن هەنـدێک لە سیاسـەتمەدارەکان بێـت و لە جیاتی ململانێی تەندروسـتی سیاسـی، قۆرخکـاری سیاسـی لەنـاو کۆمەڵگە دروسـت دەبێـت (سـیونگ یـو، ١٣٧٧: ١٨٤). دیموکراسـی خەڵـک ئـازاد دەکـات کە چـۆن دەنـگ بـدەن، بەڵام ئەگەری هەیە کە خەڵـک بە دروسـتی کەڵک لەو مافی خۆیان وەرنەگرن. واز لە ڕەفتاری خۆیـان لەسـەر بنەمـای ویـژدان دەهێـنن و بە شـێوەیەک ڕەفتارەکـانی پۆپۆلیسـتی ئەنجـام دەدەن (مانهــایم، ١٣٩٤: ١٧). ئەو کۆمەڵگایــانەی کە لە قۆنــاغی گواســتنەوە لە سـوننەتی بـۆ مـۆدێرنیتەدان، پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان لاوازتـر دەبـن و زەمینەی ئەتۆمیزەبوونی خەڵک بە شێوەیەکی خێرا گەشە دەکات و خەڵـک زیـاتر حکـومەتێکی پۆپۆلیسـتی قبـوولْ دەکەن (غفـوری و جعفـری، ١٣٨٧: ٢١٩- ٢٢٠). بـۆ دەربــاز بـوون لە زەمیــنەی ئەتۆمیزەبـوونی خەڵــک لە کۆمەڵگە پێویسـتە کە گرنگی بە بەهێزتـر بـوونی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێت تـاکو خەڵـک بتوانرێت پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ یەکتر بکەن تاکو لە حاڵەتی ئانۆمی بـوون تێپەڕ ببن و دەرفەتێکی گونجاوی کومەڵایەتی و سیاسی بۆ بەرقەراربوونی سیسـتەمی دیمۆکراسی دروست ببێت (rotolo, 1999: 205).

دیـالێکتیکی سـوننەت و مـۆدێرنیتە حـاڵەتی ئەتۆمیزەبـوونی خەڵکی لە هەرێمی کوردستان دروستکردووە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش

وەک پێویست نەیانتوانیوە ئەو حاڵەتەی ئەتۆمیزەبوونە چارەسەر بکەن. لەبەرئەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکان تاکەکان بۆ ئەوەی کە لەو حاڵەتە ڕزگاریان ببێت گرنگییان بە شایستەسالاری، توانایی، لێهاتوویی و پڕۆگرامەکانی کاندیدەکان و لایەنە سیاسییەکان نەداوە، بەڵکو لە پرۆسەی دەنگدان بەشێکی زۆری هاوڵاتییان لەسەر بنەمای عەشیرەتگەرایی، لەژێر کاریگەریی کاناڵەکانی ڕاگەیاندن دەنگیان بەو کەسانە داوە کە زیاتر لە کاناڵەکانی ڕاگەیاندن دەرکەوتوونە، بۆیە زۆر لە بێژەرەکان و ڕاگەیاندنکارەکان دەنگێگی زۆری جەماوەرییان بە دەستهێناوە. هەندێک خەڵکیش دەنگیان بەو کەسانە داوە کە زۆر قسەی خراپیان بە حکومەت گوتووە، چونکە ئەو خەڵکانە لەبەر ئەو بارودۆخ و قەیرانانەی کە دروستبووە دووچاری بارودۆخێکی خراپی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بوونە بەو شێوەیە ویستوویانە کە تۆڵە لە دەسەڵات بکەنەوە. ئەم بارودۆخە پانتاییەکی پۆپۆلیستی لە هەرێمی کوردستان دروستکردووە کە سیاسەتمەدارەکان لە جیاتی ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە بە چ شێوەیەک پڕۆگرام دابنێن و چ کەسێک لەسەر بنەمای توانایی، لێهاتوویی و شایستەسالاری پۆستە باڵاکانیان پێبدرێت، لەسەر بنەمای سیاسەتەکانی پۆپۆلیستی پڕۆگرامەکان و پاڵێوراوەکانیان بۆ هەڵبژاردنەکان و پۆستە حکومییە باڵاکان دەستنیشان کردووە. ئەمەش کاریگەریی زۆر نەرێنی لەسەر بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروستکردووە.

**ئەنجام:**

پانتایی مۆدێرنیتە کاریگەری لەسەر زیاتر بوونی ڕێژەی شارنشینی، بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێندەواری، پەیوەندی لەگەڵ کلتووری ڕۆژئاوا و پەیدابوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان هەبووە، ئەم فاکتەرانەش نۆرمەکانی مۆدێرنیتەی وەک تاکگەرایی، عەقلانیەت، ئازادی و سیکۆلاریستی لە هەرێمی کوردستان پەیداکردووە، کە دیالێکتیکییان لەگەڵ کۆمەڵگەرایی، دابونەریتەکان، دەسەڵاتخوازی و ئاینگەرایی لە کوردستان هەبووە ئەمەش بۆتە هۆی پەیدابوونی سەنتێزی سوننەت- مۆدێرنیتە و کاریگەریی لەسەر ئەتمۆسفێری سیاسیی هەرێمی کوردستان دروستکردووە. دامودەزگا حکومییە ئۆرگانییە فەرمییەکان لە کوردستان کە لەبەر پانتایی مۆدێرنیتە پەیدابوونە، بەڵام لەبەر کاریگەریی دابونەریتە سوننەتییەکان وەک عەشیرەتی، خزمایەتی و دۆستایەتی بەپێی عەقڵیەتی میکانیکی ئیدارە دەکرێن. لەبەرئەوە دانانی بەرپرسەکان و پاڵێوراوانی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای توانایی، لێهاتوویی و شایستەسالاری نەبووە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر دروستبوونی فەسادی ئیداری و گەندەڵی لەناو دامودەزگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستە کە هەندێک لە نۆرمەکانی مۆدێرنیتە وەک هەڵبژاردنەکان و پێوەری لێهاتوویی و شایستەسالاری بۆ دانانی خەڵک لە پۆستە باڵاکان لەگەڵ هەندێک لە دابونەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان وەک عەشیرەتگەرایی تێکەڵبکرێت. ئێستا لەبەر بارودۆخی واقعیی کوردستان پێویستە کە بەشداریی عەشیرەتەکان لە پرۆسەی سیاسی لەبەرچاوبگیرێت، بەڵام ئەو خەڵکانەی کە لەناو عەشیرەتەکان بۆ پۆستە باڵاکان دەستنیشاندەکرێن پێویستە لەسەر بنەمای توانایی و شایستەی کەسەکان لەناو عەشیرەتەکانیان بێت. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی بەشداری

چالاکیان هەبێت و لە هەمان کاتدا دەستنیشانکردنی کەسەکانیش لەسەر بنەمای توانایی و لێهاتوویی بێت. ئەمەش کاریگەریی زۆر ئەرێنی لەسەر گەشەسەندنی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەبێت.

لەبەر سەنتێزی سوننەت-مۆدێرنیتە حاڵەتی ئانۆمی لەناو پانتایی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروستبووە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستە کە گرنگی بە بەهێزترکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێت تاکو ئەوان بتوانن ئەو حاڵەتە ئەتۆمیزەی کە لەبەر بۆشایی لەدەستدانی ڕەوایەتیی دابونەریتەکان، عەشیرەت و خزمایەتی کە لە هەرێمی کوردستان دروستکردووە، چارەسەر بکەن.

سیاسەت لە کوردستان کاریگەریی لەسەر بارودۆخی ئابووری، بژێوی ژیانی هاوڵاتییان، ئاسایش و سەقامگیری دروستکردووە، لەبەرئەوە زۆربەی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان چاودێری کاروباری سیاسی دەکەن. هەر لایەنێکی سیاسیش بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی خوێندنەوە بۆ چەمکە سیاسییەکان دەکات. بۆیە لە هەرێمی کوردستان تێگەیشتنێکی دروست بۆ چەمکە گرنگەکانی فەلسەفی سیاسیی وەک تاکگەرایی، ئازادی، تۆلێرانس، سیکۆلاریزم، دادپەروەری، دیمۆکراسی، دەسەڵات، ئۆپۆزیسیۆن، حیزب و چەمکەکانی تر نییە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە پێویستە کە ڕۆشنبیرکان و زانکۆکانی کوردستان لە جیاتی هاوردەکردنی هزر و ئایدیۆلۆژیای دەرەکی هەوڵی بەرهەمهێنانی هزر لە هەرێمی کوردستان بدەن.

دیالێکتیکی سوننەت و مۆدێرنیتە ناسنامەی جۆراجۆری لەناو کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان دروستکردووە کە کێشەی بۆ ناسنامەی نەتەوەیی پەیدا کردووە، چونکە خەڵک لە جیاتی ئەوەی گرنگی بە ناسنامەی نەتەوەیی بدەن، گرنگی بە ناسنامەکانی تر دەدەن، بۆیە

پێویستە کە کۆمەڵگەی کوردستان بە شێوەیەکی نوێ خوێندنەوە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی بکاتەوە و ئەوە دیاربکات ئەو ناسنامەیە دەتوانێت چ بە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بدات، تاکو گوتارێکی یەکگرتووی نەتەوەیی کوردستانی دروست بکرێت. قەیرانەکان و کێشە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم دروستکردووە بۆ ئەوەی کە ئەو حاڵەتە چارەسەر بکرێت پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری قەیرانە ئابووری، کومەڵایەتی و سیاسییەکان بکات و سەرەڕای ئەوەش حیزبە سیاسییەکان گرنگی بە شایستەسالاری، توانایی، لێهاتووی و پڕۆگرامی پاڵێوراوان و ئەو کەسانە بدەن کە پۆستە باڵا حکومییەکانیان پێدەدەن.

## لیستی سەرچاوەکان:


- Andrew Arato and Niklas Luhmann, “Civil Society and Political Theory in the Work of Luhmann and beyond”, New German Critique, Duke University Press, No. 61, Special Issue on Niklas Luhmann, Winter, 1994.

- Alan Chong, Southeast Asia: theory between modernization and tradition, International Relations of the Asia-Pacific, Oxford University Press, Volume 7, No. 3, 6 August 2007.

- Andrew B. Kipnis, From Village to City, University of California Press, 2016.

- Alexis De Tocqueville, Democracy in America, New York, Bantam Dell, 2004.

- Ayesha Khurshid, “Islamic Traditions of Modernity: Gender, Class, and Islam in a Transnational Women's Education Project”, Gender and Society, Vol. 29, No. 1 February 2015.

- Andrey Demidov, Partnership with Civil Society and the Legitimacy of EU Policymaking: Exploring Actors' Normative Arguments in Four Member States, Journal of Contemporary European Research, Vol. 14 Issue 2, 2018. P

- Aron Buzogány, Civil Society Organizations beyond the European Union: Normative Expectations and Local Realities, Journal of Contemporary European Research, Journal of Contemporary European Research, Volume 14, Issue 2, 2018.

- Christian Welzel, Individual Modernity, Edited by Russell J. Dalton and Hans-Dieter Klingemann, The Oxford Handbook of Political Behavior, New York, Oxford University Press, 2007.
- Deepak Lal, “Does Modernization Require Westernization?” The Independent Review, N.1, Summer 2000 .
- Daniel Lerner, The Passing of Traditional Society: Modernizing the Middle East, New York, Free Press,1958.
- Email Durkheim, The Division of Labor in Society, Palgrave MacMillan Ltd, 1984.
- Erik Borgman, Gabriël van den Brink and Paul Dekker, “Reinventing civil society”, in Gabriël van den Brink, Moral Sentiments in Modern Society, Amsterdam University Press, 2016 .
- Fred Dallmayr, Freedom and Solidarity, University Press of Kentucky, 2016.
- Helge Hoibraaten, “Religion, Metaphysics, Freedom: Faith and Knowledge”, in Hauke Brunkhorst, Regina Kreide, Cristina Lafont, The Habermas Handbook, Columbia University Press, 2018.
- Isaiah Berlin, Liberty: Incorporating Four Essays on Liberty, Edited Henry Hardy, Oxford, Oxford University, 2002.
- Japan International Cooperation Agency (JICA), Effective Approaches for Rural Development, in https://www.jica.go.jp/jica-ri/IFIC_and_JBICI-Studies/english/publications /reports/study/topical/spd/pdf/chapter4.pdf / 2019.
- Jeremy Menchik, “Beyond Secular Democracy: Religion, Politics, and Modernity”, International Studies Review, N. 20, 2018.

- John A Wagner, Studies of Individualism-Collectivism: Effects on Cooperation in Groups, The Academy of Management Journal, Vol. 38, No. 1, Feb., 1995.
- John DArcy May, Political religion: secularity and the study of religion in global civil society, in Basia Spalek, Alia Imtoual, Religion, spirituality and the social sciences, Bristol University Press, Policy Press, 2008.
- John Locke, The First & Second Treatises of Government, Pantianos Classics, 2016.
- John Locke,  A Letter Concerning Toleration, edited James H. Tully, Hackett Classics, 1983
- Karina Mukazhanova, “The Politics of Multiple Identities in Kazakhstan: Current Issues and New Challenges” in Paul Spickard, Multiple Identities, Indiana University Press, 2013.
- Loek Halman, “Political Values” in Russell J. Dalton and Hans-Dieter Klingemann, The Oxford Handbook of Political Behavior, New York, Oxford University Press, 2007.
- Manfred B. Steger, “Political Ideologies in the Age of Globalization”, in Edited by Michael Freeden and Marc Stears, The Oxford Handbook of Political Ideologies, New York, Oxford University Press, 2013.
- Max Weber, The Protestant Ethnic, and Spirit of Capitalism, Oxford, Oxford University, 2011.

- Michael G. Harvey, “Science, Rationality, and Theology”, The Journal of Religion, The University of Chicago Press, Vol. 87, No. 2, April 2007.
- Matthew J. Lauzon, “Modernity”, in Jerry H. Bentley, The Oxford Handbook of World History, New York, Oxford University Press, 2011.
- Michael Armer and Robert Youtz, Formal Education and Individual Modernity in an African Society, American Journal of Sociology, The University of Chicago Press, Vol. 76, No. 4, Jan, 1971 .
- Mari Nicoleta Morar, “Redefining Civil Society in Relation to Their Relationship with the State and Their Contribution to the Building of the Rule of Law”, RSP, No. 59, 2018 .
- Niccolo Machiavelli, The Prince, Edited David Wootton, Hackett Classics, 1995.
- Panayota Gounari, “Authoritarianism, Discourse and Social Media: Trump as the ‘American Agitator”, in Jeremiah Morelock, Critical Theory and Authoritarian Populism, University of Westminster Press, 2018.
- Peter OBrien, The Muslim Question in Europe, Temple University Press, 2016
- Robert B. Brandom, A Spirit of Trust, Harvard University Press, 2019
- Recep senturk, Tradition and Modernity, Georgetown University Press, 2013.

- Samuel P. Huntington, The Third Wave: Democratization in the Late 20th Century, University of Oklahoma, 1993 .

- Scott J. Weiner, “The Muscat Commute: A Young Generations Journey Between Tradition And Modernity”, https://agsiw.org/the-muscat-commute-a-young-generations-journey-between-tradition-and-modernity/, Jun 18, 2015.

- Stephen Eric Bronner, “From Modernity to Bigotry”, in Jeremiah Morelock, Critical Theory and Authoritarian Populism, University of Westminster Press, 2018.

- Stephanie Smallwood, “Freedom”, in Bruce Burgett, Glenn Hendler, Keywords for American Cultural Studies, Second Edition, NYU Press, 2014 .

- Thomas Rotolo, “Trends in Voluntary Association Participation”, Nonprofit and Voluntary Sector Quarterly, vol.28, No.2, Jun 1999.

- Thomas Hobbes, Leviatan, edited C. B. Macpherson, London, Penguin, 1985.

- Tisa Wenger, The Contested History of an American Ideal, University of North Carolina Press, 2017.

- Till Forster and Lucy Koechlin, “Traditional Authorities”, in Anke Draude, Tanja A. Borzel, and Thomas Risse, The Oxford Handbook of Governance and Limited Statehood, New York, Oxford University Press, 2018.

- Walter L. Wallace, “Rationality, Human Nature, and Society in Weber's Theory”, Theory and Society, Springer, Vol. 19, No. 2, Apr, 1990.

- Wendy Brown, Undoing the Demos, MIT Press, 2015.

- تقی ازاد مکی، امیر ملکی، ((تحلیل ارزشـها ی سـنتی و مـدرن در سـطوح خرد و کلان)) نامه علوم اجتماعی، شماره ۳۰، ۱۳۸٦.

- جی بینگهـام، گابریل الموند، ((جامعهپذیری سیاسـی و فرهنـگ سیاسـی)) ترجمه علیرضا طیب، فصلنامه اطلاعات سیاسی- اقتصادی، شماره ۱۱۳ و ۱۱٤، ۱۳۷٥.

- دال سیونگ یو، ((فرهنگ سیاسی و توسعه سیاسی مطالعات تطبیقی کره و ایران)) فصلنامه سیاست، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دوره ٤۰، شماره ۰، تابستان ۱۳۷۷.

- روبرت پانتام، دموکراسی و سنت های مەدەنی، ترجمه محمد تقی دلفروز ، تهران، روزنامه سلام، ۱۳۸۰.

- رونالد اینگلهارت و کریستین ولزل، نوسازی، تغییر فرهنگی و دموکراسی، ترجمه یعقوب احمدی، تهران، انتشارات کویر، ۱۳۹٤، چ ۲.

- رونالد اینگلهارد، تحول فرهنگی در جامعه پیشرفته صنعتی، ترجمه مریم وتر، تهران نشر کویر، ۱۳۹٥، چ ۳.

- ریچارد تاک، هابز، ترجمه حسین بشیریه، تهران، گرح نو، ۱۳۷٦.

- عباس کشاورز، ((درامدی بر فرهنگ سیاسی در ایران، مجله نقد و نڤر، شماره ۷ و ۸، تابستان و پاییز، ۱۳۷٥.

- علـی ربـانی، فرهـاد شـایگان ، ((فرهنـگ سیاسـی ایـران و مولفههـایش)) فصلنامه سیاست، مجله دانشکده حقوق و علـوم سیاسـی، دوره ٤۰، ش ٤، زمستان ۱۳۸۹.

- کابک خبیری، ((فرهنگ سیاسی، مقایسه دو سگح تحلیل داخلی و بین الملل، فصلنامه راهبرد، زمستان ١٣٨٦، شماره ١٧.

- کارل مانهایم، دموکراتیک شدن فرهنگ، ترجمه پرویز اجلالی، تهران، نی، ١٣٩٤، چ ٥.

- محمد غفوری، روح الله جعفری، ((سرمایه اجتماعی، جامعه مدنی و دموکراسی، رابگه متقابل یا یک سویه، پژوهاشنامه علوم سیاسی، سال سوم، شماره دوم، بهار ١٣٨٧.

- موریس باربیه، مدرنیتەی سیاسی، ترجمه عبدالوهاب احمدی، تهران، اگاه، ١٣٨٣.

## Abstract

The Kurdistan Region holds four cultural discourses: patrimonialism, religiosity, modernity and democracy. The dialectic of such discourses has molded several elements of predestination, subjectivism, absolutism, interest seeker and opportunism, skepticism and conspiracy in the Kurdistan Region.

Although these elements have impacted the Kurdistan Region in such a way that the parties' leaders gain charismatic power, but adversely caused peoples political-dependent participation, lack of cooperation between opposition and government and destruction of human and social capital in government agencies.

This research aims to resolve the issues of the political system of the Kurdistan Region, by proposing the multilateral involvement of elites, intellectuals, and politicians on these cultural discourses to positively influence the development of the political system of the Kurdish Region.

**ملخص:**

توجد فـى إقلـيم كوردسـتان أربـعه أنـواع مـن الخطابـات الثقافيـة الابـوي او التسلطي (البطرياركي: ثقافه سلطة الرجـال) و(الـديني، والحـديث، والـديمقراطي). وتنبثق من جدلية هذه الخطابات في الٔاقليم عده عناصـر، مثـل الاعتقـاد بالمصـير، والمنقـذ، الذهنيـة، والمطلـق، والمصـلحية، والبحـث (تحـين) عـن الفـرص، والشـك والتـامر.

أثـرت هذه العناصـر في النظام السياسـي فـي إقليم كوردسـتان، ليكـون لرؤسـاء الٔاحزاب السياسية سلطة او قوة شخصية (كاريزمية)، وتصبح مشـاركة النـاس فـي العملية السياسية مشاركة سياسية- تبعيـة (غيـر مسـتقلة)، ويصـبح مجـال المسـاومة أو التوافق بين السـلطة والمعـارظه ضـيقا جدا، وبالتـالي يـتحطم الرأسـمال البشـري والاجتماعي في المؤسسات الحكومية.

يقتـرح هـذا البحـث لمعالجـة مشـاكل النظـام السياسـي فـي إقلـيم كوردسـتان وجوب عمل النخـب، المثقفين والسياسـيين علـى هـذه الخطابـات المختلفـة، بصـورة تـؤثر فيهـا وتجعلهـا مكملـة لبعضـها، ليكـون لهـا تـأثير إيجـابي علـى تطـور النظـام السياسي في الإقليم.